Kurdistan Chronicle


# گڵکەند

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٣)

چوارشەممە ٢٠٢٤/١٠/٣٠


# دڵی دڕەوشاوەی بۆیاغچییەکەی باتە



هیوا ساڵح لە کاتی کارکردن

وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

# پۆندی بنەسڵاوە سێ ملیار مەتر سێجا ئاو گل دەداتەوە



وێنە: گەیلان حاجی

**گڵکەند**

پۆندی بنەسڵاوە دەبێتە گەورەترین پۆند لە هەرێمی کوردستان بە توانای گلدانەوەی سێ ملیار مەتر سێجا ئاو و یەکێکە لەو ٣٣ پۆندەی ئێستا لە بواری جێبەجێکردن دان و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا تەواو دەبێت.

جوان ڕەفیق قایمقامی قەزای بنەسڵاوە، باسی گرنگیی دروستکردنی پۆندەکان بۆ (گڵکەند) دەکات و ئاماژە بەوە دەدات ئەو پۆندانە ئاوی لافاو کەم دەکەنەوە و ڕێگری لە دروستبوونی لافاوی گەورە دەکەن، هەروەها ئاوی ژێرزەوی دەژیێننەوە و ناوچەکە بەراو دەکەن، بێجگە لەوەی دەوروبەری پۆندەکان دەبنە شوێنی گەشتیاری. جوان ڕەفیق پێی وایە چیتر ناوچەکە وشکی و شێوە بیابانیەکەی جارانی نامێنێ و سەوزایی بۆ دەگەڕێتەوە. دەشڵێ لە کاتێکدا تا ئێستا ساڵانە ئاوێکی بێشومار لە هەولێر بەفیڕۆ دەچوو، لەمەودوا ئەو ئاوە گل دەدرێتەوە و سوودی گەورەی لێ وەردەگیرێت و بۆ سامانی ماسی بەکار دەهێندرێت و ئاویش بۆ گوندەکانی ناوچەکە دابین دەکات. بەپێی پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ٤٥ پۆند لە هەولێر دروست دەکرێن، تا ئێستا ٣٣ پۆند چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەشێکیان تەواو بوونە و ئەوانی تریش کاریان تێدا دەکرێت و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا، پێنج پۆندی دیکە لە دەوروبەری هەولێر دروست بکرێن کە دوو پۆند لە خانزاد و گردەڕەشە دروست دەکرێن.

پۆندی بنەسڵاوە لە چوارچێوەی پلانەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی سامانی ئاو، بە گوژمەی چوار ملیار دینار دروست دەکرێت، دەبێتە گەورەترین پۆند لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. درێژی پۆندەکە ٣٦٠ مەترە و توانای کۆکردنەوەی سێ ملیار مەتر سێجا ئاوی باران و کانیاوەکانی هەیە، بەرزی پۆندەکە ١٧ مەترە و ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکەش یەک ساڵە.

# بەنگلادیشییەکان چۆن لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەڕوانن؟

**هەژار مەجید**

عەبدولباسیت بەنگلادیشی لەگەڵ دواهەمین سنیە چای ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان، دەپرسێ «ئەرێ هەڵبژاردن تەواو؟ بارزانی بردیەوە؟»، کاتێک بە بەڵێ وەڵام وەردەگرێ، لەبارەی نیگەرانیی ئەو ڕۆژەی دەکەوێتە قسە و بە خۆشحاڵییەوە دەڵێ «مادام بارزانی بردی، زۆر باش، یەعنی موشکیلە تەواو».

عەبدولباسیت یەکێکە لە سەدان کرێکاری بەنگلادیشی کە لە هەولێر و شارەکانی تری هەرێمی کوردستان بە ڕەنجی شانیان بژێوی بۆ بنەماڵەکانیان لە بەنگلادیش دەنێرنەوە، ئەو پیاوە تەمەن ٤٣ ساڵە، ١٧ ساڵی ڕابردووی ژیانی لە هەولێر بەسەر بردووە و فێری کوردییەکی باش بووە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشەی حزبەکان و هەڕەشەی ڕووخاندنی حکوومەتی بەرچاو کەوتووە، وەک خۆی دەڵێ ترساوە دۆخی هەرێمی کوردستان تێک بچێت و لە ئەنجامدا ئەوانیش کاسبیەکەیان لەدەست بچێت.

ئەو کرێکارە بەنگلادیشییە بۆ (گڵکەند)، باس لە هۆکاری نیگەرانیی خۆی و هاووڵاتییە بەنگلادیشییەکانی تر دەکات و دەڵێ ترسیان هەیە لە ئەگەری گۆڕانی دۆخی سیاسییدا، یاساکان گۆڕانیان بەسەردا بێت و کێشە بۆ مانەوە و کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان دروست بێت، لەوەش زیاتر عەبدولباسیت دەڵێ «بارزانی زۆر باشە بۆ بەنگلادیشی، بەنگلادیشییەکانی خۆش دەوێت، چونکە بەنگلادیشی ئیش باش زۆر دەکەن».



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

نورەدین کرێکارێکی تری بەنگلادیشی تەمەن ٤٢ ساڵە، لەبەردەم بازاڕی نیشتماندا لە هەولێر خواردنگەیەکی بچووکی هەیە و کرێکارە بەنگلادیشییەکان لێی کۆدەبنەوە، دڵخۆشە بە کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن و پێی وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتی شایستە پێشکەشی خەڵکی کوردستان دەکات و هەلی کاریشی بۆ کرێکاری بیانیی وەک بەنگلادیشییەکان ڕەخساندووە.

مهامۆ هومایۆنی تەمەن ٣٨ ساڵ، بەدەم فرۆشتنی تەسبیح و مامەڵەکردنەوە، ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ «ئەمن دوو ساڵ لە هەولێر، پێنج ساڵ لە بەغدا، ئێرە زۆر خۆش، هیچ موشکیلە نیە، بەغدا موشکیلە زۆر».

هومایۆنی بەنگلادیشی دەیویست ئەوە بڵێ کە لە هەولێر ئاسانکارییان بۆ دەکرێت و ژیانیان ئاسانترە وەک لە بەغدای پایتەختی فیدراڵیی عێراق، بە تایبەتی کە ساڵانە کارتی نیشتەجێبوون نوێ دەکەنەوە.



عەبدولباسیت فەرهادی

# ئێرە گڵکەندە

گڵکەند سەرەتا کەندێک بوو کوورەچییەکان خۆڵیان لێ دەبرد بۆ دروستکردنی کەرپووچ لە کوورەکانیان. دواتر کەندەکە گەورە بوو، چەندماڵێک لە ناو کەندەکە خانووی قوڕیان دروست کرد. من خۆم زۆر جار بە منداڵی لەگەڵ دایکم بەلای گڵکەندا تێدەپەڕیم، بە تایبەتی کاتێک دایکم کولکێکی لە پەنجەی دەستی هاتبوو، ڕۆژانە بۆ تیمارکردنی پەنجەکانی لە ماڵێ کە لە گەڕەکی عارەبان بووین، بە جادەی محەتەی بەرەو نافورە و بۆ لای ئەحمەد تەبیب دەچووین کە ماڵی لە نزیک گڵکەند و نافوورە بوو.

ئەوکات خانووەکان هەندێک لە بەرزایی هەندێک لە نزمایی بوون، دیمەنێکی جوانیان هەبوو، بەو جۆرە بۆ یەکەم جار گلکەندم بینی.

دواتر لە کۆتایی شەستەکان خانووەکانی گڵکەند تێکدران، وابزانم لە سێتاقان زەویی قەرەبوویان درایێ و ئەوکاتە عەبدولمونعیم مەسرەف، موتەسەریف و کاربەدەستی هەولێرێ بوو. ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یارمەتیی بونیادنانی باخچەی گڵکەندی دا، کرێکارەکان سەرەڕای ڕۆژانەکەیان، ناوە ناوە قوتووە گۆشتی گۆلک و پەنیر و ڕۆنی مەڕیان لەناو قوتوو، وەردەگرت، کە زۆربەیان ئەوکات لە بازاڕ دەیانفرۆشتنەوە، چونکە خەڵکەکە بە گشتی خواردنی ناو قوتوویان نەدەخوارد.

کە پارک و باخچەی گڵکەند تەواو بوو، دەرگایەکی زۆر جوان و زەبەلاحی بە نەخش و نیگاری ئاسنینی هەبوو، بەڵام دەرگاکە لەبەر قورسییەکەی، دوای بارانبارین ڕۆچوو، بۆیە ئەو دەرگایەیان لێ کردەوە و دەرگایەکی ئاساییان بۆی دانا.

لە کاتی کردنەوەی باخچەی گڵکەندا، ئێمەی قوتابییانی سەرەتایی بۆتان، بانگهێشت کراین و ئاهەنگێکی خۆش ساز کرا. دواتر ئەو باخچەیە بووە شوێنێکی گەشتیاری و خێزانە هەولێرییەکان بە تایبەت لە گەڕەکەکانی دەوروبەری وەک سەعدوناوە، تەعجیل، عارەبان و سەیداوە، سەردانیان دەکرد.

گەنج و ڕۆشنبیرانی هەولێر روویان لە باخچەی گڵکەند دەکرد، هەندێکیان لەوێ دەیانخوێند، هەندێکیان باسی کتێب و بڵاوکراوە ئەدەبییەکانیان دەکرد، هەندێکیشیان کۆبوونەوەی ڕێکخراوە کوردپەروەرەکانیان لەوێ دەکرد.

هەندێک جار لە بۆنە گشتییەکانی وەک نەورۆز، لە باخچەی گڵکەند ئاهەنگ دەگێڕدرا. بیرمە لە ئاهەنگی نەورۆزی دوای ڕاپەڕین، فوئاد سالمی گۆرانیبێژی عێراقیی هەڵاتوو لەدەست ڕژێمی بەعس گۆرانیی (مەشکوورە)ی گوت، کە لە گۆرانییە هەرە بەناوبانگەکانیەتی و بووە مایەی خۆشحاڵیی ئامادەبووان، بەڵام بەهۆی بارانی بەلێزمە، هەمووومان پەرتەمان لێکرد.

### کۆنسوڵی کۆریای باشوور بیری کەباب یاسین دەکات

# کوردستان لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئابوورییەوە دەگاتە ئامانج

ڕێبەند سەعدوڵا

سنچۆڵ لیم کۆنسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەک ساڵ کارکردنیدا لە هەولێر، نەخشەڕێگەی پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژیی بۆ پەرەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان گەڵاڵە کردووە و دەڵێ هەرێمی کوردستان تەنها لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئابوورییەوە، بەهێز دەبێت.

ئەو کۆنسوڵە سەرباری فێربوونی چەند وشەیەکی زمانی کوردی، گۆرانیی باران بارانەشی بە شێوازێکی نوێ گوتووەتەوە و لەوەتەی پاریشەوە بیری کەباب یاسین دەکات.

لیم لە دیدارێکی (گڵکەند) باس لە خەباتی گەلی کوردستان دەکات و دەڵێ ئامانجی کورد بە هوتاف و وتاری فەیسبووک بەدی نایەت، بەڵکو دەبێ تاکی کورد بە کارکردن لە بواری پەرەپێدانی ئابوورییەوە، هێز و دەسەڵاتی گەورە پەیدا بکات و بگاتە ئامانج.

لیم کە لە ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣وە لە هەولێر دەستبەکار بووە و دڵنیا نییە کەی ئەرکەکەی تەواو دەبێت، دەڵێ «من نامەوێت لەم وڵاتە بڕۆم»، دواتر وەڵامی خۆی دەداتەوە بەوەی کاتێک دەسەڵاتی سەرووی خۆی کەسێکی تر بۆ پۆستەکەی ڕادەسپێرن، ئەو دەبێت پۆستەکەی چۆڵ بکات و بگەڕێتەوە کۆریای باشوور.

سنچۆڵ لیم پێشتر لە هەریەک لە باڵیۆزخانەی کۆریای باشوور لە وڵاتی لیبیا بۆ ماوەی دوو ساڵ و لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە بەریتانیاش بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری دیپلۆماتی کردووە، بەڵام دواهەمین ئەرکی بەر لەوەی بێتە هەولێر، لەنێو بارەگای سەرەکیی وەزارەتی دەرەوەی کۆریای باشوور بووە و کارەکەی بریتی بووە لە هەڵسەنگاندنی دیپلۆماتکارانی وڵاتەکەی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی بۆ دیپلۆماتکاران.



### ئەزموونی سەرکەوتنی کۆریا و پرۆژەی کادێ

لیم لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ کوردستان ئامانجێکی گەورە و سەرەکیی بۆ کارکردنی خۆی و کۆنسوڵخانەکەی داناوە کە بریتییە لە یارمەتیدانی پێشخستنی ئابووریی هەرێمی کوردستان، دەڵێ نزای کردووە خودا ڕێگەی ڕاستی پێشان بدات و باوەڕی وایە باشترینی ئەو ڕێگە ڕاستەش گەڵاڵەکردنی بیرۆکەیەکە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی ئابووریی کۆریای باشوور بۆ هەرێمی کوردستان و دەڵێ دەیەوێت لە هەرێمی کوردستاندا ئەزموونی دەزگای کەی دی ئای کۆریا جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستان بۆ گەشەپێدانی ئابووری (کادێ)ی کردووە، کە پێی وایە ئەرکێکی ئاسان نییە ئەو دەزگا ستراتیژییە گەورەیە بە دەسەڵاتێکی فرەوان و دوور لە دەستێوەردانی حزبی و سیاسیی بێتە دامەزراندن.

کۆنسوڵی کۆریا دووپات لەسەر گرنگی بەکارهێنانی عەقڵی کەسانی شارەزا و زیرەکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و دەڵێ دەبێ عاقڵمەندەکانی کوردستان ئەوانەی لە ڕووی ئەکادیمییەوە شارەزا و پسپۆری ئابوورییین، بچنە ناو ئەو کۆمەڵەیەوە.

لە میانی دەستپێکردنی پرۆژەکەشیدا، دەڵێ کاتێک بە دوای ئابووریناسانی ئەکادیمیدا گەڕاوە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بە ژمارەیەک ئەکادیمی شارەزا لە بواریی بزنسیان ناساندووە، لە بری کەسانی شارەزا لە بواری ئابووری، لەمبارەیەوە دەڵێ بزنس و ئابووری زۆر جیاوازن، بزنس لەبارەی تاکە کەسی بازرگان و خاوەن کارە، بەڵام ئابووریی هی دەوڵەتە و بوارێکی فرەوانتر و گەورەترە لە بزنس.

سنچۆڵ لیم هەروەها پێی وایە لە هەرێمی کوردستاندا تاکە کەسی دەوڵەمەند و پارەدار زۆرن، بەڵام بانکێکی باش نییە، ئەوەش وای کردووە ئەو دەوڵەمەندانە سوودێکی گەورەیان بۆ کۆمەڵگە نەبێت لە ڕووی ئابوورییەوە، چونکە ناتوانن وەبەرهێنانێکی دروست لە ناو کۆمەڵگەدا بکەن.

دەشڵێ کاتێک لە خەڵک دەپرسی داخۆ ئەگەر پارەیان هەبێت چی لێ دەکەن؟ ٩٠٪یان دەڵێن دەیخەنە ژێر بالیفەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە متمانەیان بە بانک و کۆمەڵگەکەیان نییە، لەمبارەیەوە بە پێویستی دەزانێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریی بکات بۆ دروستکردنی ئەو متمانەیە، ئەمەش لە ڕێگەی دارشتنی سیاسەت و ستراتیژێکی ئابووریی پێشکەوتوو و دواتریش جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە.

لیم باس لە پرۆژەیەکی نوێی سێ لایەنی دەکات کە کۆنسوڵخانەی کۆریای باشوور و دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ و حازم کوردە بزنسمانی کورد ئەنجامی دەدەن و بریتییە لە کۆکردنەوەی ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی ئابووری کە ساڵانە لەلایەن قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە دەنووسرێتەوە و خاوەنی سێ باشترین لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەتمەند دەستنیشان دەکرێن و دواتر خەڵاتیان دەکەن، ئەمەش بۆ پەرەپێدانی زیاتری گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکەن.

### کورد چاویان پڕە لە ژیان

چاوی خەڵکی کوردستان زۆر جیاوازە، چاوی هەر کوردستانییەک پڕە لە ژیان. لیم پێی وایە چاوی هەر کەسێک لە کوردستان شتێک دەڵێت، هەڵگری چیرۆکێکە، لێرە هیچ چاوێکی مردوو نابینیت، ڕەنگە هۆکارەکەی ژینگەیی بێت، کە چۆن خەڵکی ئەم ناوچەیە بە درێژایی مێژوو پێویستیان بەوە هەبووە زیندوو و چاوکراوە بمێننەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان بدەن، چونکە ئەم ناوچەیە لە جیهاندا خاوەن یەکەمین و سەرەتاییترین شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتییە.

کۆنسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەولێر دەڵێ «من لە کەسایەتیی کوردیدا دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری دەبینم، خۆڕاگری و میانڕەوی، سەرباری ڕێزگرتن و میوانپەروەری»، دەشڵێ جیا لەوانەش، کوردستان خاوەن کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنە و تاکی کورد جگە لەوەی زیرەکن، ئامادەیی دەستپێشخەرییشیان تێدایە، ئەم تایبەتمەندییانە وا دەکەن هەرێمی کوردستان شیاو بێت بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی گەورە و پڕ وزە.

### خۆشەویستیی لیم بۆ کوردستان

سنچۆڵ لیم بە هەستێکی قووڵەوە باس لە یەک ساڵ کارکردنی خۆی لە هەولێر دەکات و دەڵێ با ڕاستگۆ بم لەگەڵتدا، من خۆشەویستییەکی گەورەم بۆ گەلی کوردستان هەیە، چەندین جار لە میانی سەردانەکان و چالاکییەکاندا کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و نەمتوانیوە گریانی خۆم ڕاگرم، بەتایبەتی لە بەرانبەر هەڵەبجە.

لیم لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە نوێژی کردووە و لە خودا پاڕاوەتەوە کە یارمەتی بدات لە ئەرکەکەیدا، پێی وایە خودا وەڵامی نزاکەی داوەتەوە و هەستی بە خۆشەویستیی خودا کردووە بۆ هەرێمی کوردستان.

### چیرۆکی گۆرانی باران بارانە

ڕۆژێک لیم بەشداریی چالاکییەک دەکات لە هەوارگەیەکی سۆران، تیایدا هونەرمەند سەنا بەرزنجی گۆرانی باران بارانە دەڵێ، لیم سەرسام دەبێت بە گۆرانییەکە و بە مۆبایل ڤیدیۆی دەگرێت، دەڵێ دواتر لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە و لە ناوی گۆرانییەکەی پرسیوە تا فێری بێت، چەند کەسێک هاوکارییان کردووە تا وشەکان فێر بێت، ئەویش بەوەندە ناوەستێت و لە بازاڕی هەولێر گیتارێک دەکڕێ و خۆی فێری ژەنین دەکات، تا گۆرانییەکە بە ژەنینی خۆی بڵێتەوە. بەم شێوەیە لیم یەکەم گۆرانیی کوردی تۆمار دەکات و لە هەژمارەکەیدا لە فەیسبووک سەدان هەزار بینەر ڕادەکێشێت.

کۆنسوڵی گشتیی کۆریای باشوور هەر سەرسامی گۆرانی کوردی نییە، بەڵکو حەزی لە کەبابیشە و دەڵێ پار کە هاتووەتە هەولێر، چووەتە کەباب یاسین لەناو بازاڕی قەیسەری، لەوساوە تامی کەبابەکەی لەبیر نەچووەتەوە و زوو زوو داوا لە یاریدەرەکانی دەکات بیبەنەوە بۆ ئەو کەبابخانەیە، بەڵام گلەیی هەیە کە تا ئێستا نەیانبردووەتەوە ئەوێ. هەروەها دەشڵێ کە زۆر حەزی لە دۆڵمەی کوردیە، بەتایبەتی سڵقەکەی.

### هەڵەبجە بە کۆریا دەچێت

لیم زۆر حەز لە شاری هەڵەبجە دەکات و دەڵێ بەدەوترین ناوچەی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەو، چونکە شێوەی لە زێدی لیم دەچێت لە کۆریای باشوور، دەڵێ «لە هەڵەبجە وا هەست دەکەم لە شاری خۆمم، ئاووهەوا و ناو شارەکەی زۆر لە کۆریا دەچێت»، ئاماژەش بەوە دەکات کە سەردانیکردنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە زۆر کاری تێکردووە و ئەوانیش لە کۆریا دۆخێکی هاوشێوەی کارەساتی هەڵەبجەیان بەسەر هاتووە و ئێستا لە شارەکەی زێدی ئەودا مۆنۆمێنتیان بۆ قوربانییانی شارەکە دروست کردووە.

# قەڵات
# بزوێنەری ئابووری و کولتوور



وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی

کریستۆفەر تیڵی

گ هەولێر یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان کە بەردەوام ژیانی تێدا بووە و زۆر ڕێی تێدەچێت کۆنترین شاریش بێت. قەڵا دێرینەکەی، کە ئێستا دەکەوێتە ناوەندی پایتەختی هەرێمی کوردستان، مێژوویەکی هەم دوور و درێژ و هەم بێ هاوتایشی هەیە. شوێنەوارناسان هەندێ پارچە گڵێنە (فەخفووری)یان دۆزیوەتەوە پیشانی دەدەن لەو کاتەی لە سەردەمی سومەرییەکاندا کۆنترین شارەکان بنیات نراون؛ خەڵک لەو گردەدا ژیاون.

شارەکە، بەگوێرەی بەڵگەنامە مێژووییەکان شەش هەزار ساڵە ژیانی تێدایە، ئەوەیش زۆربەی تەمەنی مێژووی زانراوی شارستانێتی دەگرێتەوە، سەرمایەیەکی گرنگی جیهانییە هەم بۆ شاری هەولێری ئێستا و هەم بۆ کوردستان بەگشتی، دەکرێت بەهایەکی گەورەی بۆ ئایندەی گەشەسەندنی شارەکە و کوردستان هەبێت.

جۆن ماکجینیس زانای ئاشوورناسی زانکۆی کامبریدج ڕوونی کردووەتەوە، ناوی ئەربیل (هەولێر) لە تۆمارە مێژووییەکاندا؛ لەو تابلۆ بزمارییانەدا بەرچاو دەکەوێت کە پتر لە (٤٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش دروست کراون.

هەڵکەوتەی هەولێر کە دەکەوێتە دەشتاییەک لە ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە وای کردووە بکەوێتە دووڕیانی نێوان ئێران و ئاسیای ناوەڕاست لەلایەک و دەریای سپی ناوەڕاست لەلایەکی ترەوە.

لەو ڕووەوە خاڵی بەیەکگەیشتنی کولتوورەکان بووە؛ هەولێر بۆ ماوەیەکی زۆر سنووری بەریەککەوتنی هەندێ لە مەزنترین ئیمپراتۆرییەتەکانی مێژوو بووە، بەشێوەیەک لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئەو قەڵایە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی سۆمەری، ئاشووری، سەلجووقی، پارسی، ڕۆمانی، عەباسی، مەغۆل، عوسمانی و بەریتانی و هی تریشدا بووە.

### دەشێ قەڵات ببێتە ڕووگەیەکی گەورەی گەشتیاری

من وەک مێژوونووس و وەک ڕاوێژکارێکی ستراتیژی و شارەزا لە بواری وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئابووریدا، ساڵانێکی زۆرە بیر لە بەهای کەلەپوور لە ڕووی گرنگیی مێژوویی و وەک بزوێنەری گەشەی ئابووریش دەکەمەوە.

لە کاتێکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوە دایە سەرچاوەکانی داهاتی خۆی -جیا لە نەوت و غاز- هەمەچەشن بکات، لەو نێوەندەدا قەڵاتی دێرینی هەولێر دەبێتە یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی گەشەسەندن، کە گرنگترینیان کەرتی گەشتیارییە و دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانیش لە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمەکەدا ئەو کەرتەی لە ڕیزی پێشەوەدا داناوە.

قەڵاتی هەولێر و هەرێمی کوردستان ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ لای خۆیان کێش دەکەن و ژمارەکەیش ڕوو لە هەڵکشانە، کە سەرسامن بە کەژ و کۆسار و دەشت و دەری دڵگیر و ئاووهەوای خۆشی کوردستان و ئەو ئاسایش و سەقامگیرییە سیاسییەی بەرقەرارە.

لە نێوان حوزەیرانی ٢٠٠٦ و شوباتی ٢٠٢٢دا، وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری ١٢, ٧ ملیار دۆلار بووە، کە ئەوە نزیکەی (٦٤٪)ی کۆی وەبەرهێنان بووە لە هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا.

بەردەوامیی بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر و نۆژەن و ئاوەدانکردنەوەی خانووەکان، وا دەکات چوونە ناو قەڵاکە بۆ سەردانیکاران ئاسانتر و سەرنجڕاکێشتر بێت. بوونی ئەم شوێنەوارە مێژووییە جیهانییەیش لە ناوەندی شارەکەدا وا دەکات هەولێر بتوانێت گەشتیاران لە شوێنی زۆر دوورتری دنیاوە بۆ لای خۆی کێش بکات و شارەکە بکاتە یەکێک لە ڕووگە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام بەهای قەڵای هەولێر بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان و خودی شارەکە لە گەشتیاری گەورەترە.

### هەولێر وەك هاوشێوەی ڕۆما و دیمەشق

هەڵتۆقینی ئەو گردە گەورەیە لە ناوەندی شاردا، کە لەوێوە سیستەمی ڕێگاوبانی شارەکە لە شێوەی چەند بازنەیەکی لەناویەک فراوان دەبێت؛ بەبەردەوامی پەیوەندیی ئێستا بە ڕابردووی کۆنەوە وەبیر سەرجەم خەڵکی کوردستان و سەردانیکاران دەخاتەوە. چەند شارێکی کەم بەقەبارەی هەولێر لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم بەردەوامییەیان هەیە و بەو پێیە دەکرێت هەولێر لە ڕیزی دیمەشق و ڕۆمادا دابنرێت، کە هیچ کامیان بە ناوەندێکی بازرگانیی سەرەکیی نەماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەموو جیهاندا بەناوبانگن، ئەم پێگە مێژووییەیش پەرە بە ناوبانگی کوردستان لە سەرتاسەری جیهان دەدات.

ئەو سەرمایە کولتوورییەی قەڵایەکی بووژێنراوە دروستی دەکات دەتوانێت ببێتە بزوێنەرێکی سەرەکی گەشەسەندنی ئابووری و شکۆمەندیی کولتووری لە ئایندەدا. لە کاتێکدا جیهان چاوی زیاتر لەسەر ئەو پیشەسازییانەیە پشت بە زانست دەبەستن، بۆ دەرکەوتنی بزنسە گرانبەهاکان لە هەر ئابوورییەکدا، داهێنان شتێکی گرنگە.

لایەنێکی ئومێدبەخش لە بەرنامەی هەمەچەشنکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان بریتییە لە پاڵپشتیکردنی ئەو پرۆژانەی داهێنانیان تێدایە و پشت بە زانست و بیرۆکە دەبەستن بۆ پەرەدان بەو تەکنەلۆژیا و میتۆد و بزنسە نوێیانەی برەو بە گەشەسەندن دەدەن. لە زیرەکیی دەستکردەوە بۆ بایۆتەکنەلۆژی و لە بەدیجیتاڵکردنەوە بۆ بازرگانیی ئەلیکترۆنی، پێویستی بە ڕاکێشان و پارێزگاریکردن لە بەهرەکان گژبەرییەکی گەورەیە بۆ هەر ئابوورییەک. هەندێ توێژینەوە کە بانکی جیهانی ئەنجامیان داون، دەریانخستووە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سەرمایەی کولتووریی باڵا و داهێناندا هەیە. باشترین عەقڵەکان دەتوانن لە هەر شوێنێکی جیهاندا بژین و کار بکەن، ئەوان دەیانەوێت لە ژینگە سەرنجڕاکێشەکاندا بن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆششی گەورە دەکات تا وڵاتەکە بکاتە یەکێک لە باشترین شوێنەکان بۆ پەرەدان بە پیاوانی کاری داهێنەر و بۆ هاندانی وەبەرهێنەران تا ڕوو لە بازاڕی کوردستان بکەن.

قەڵاتی هەولێر ڕەهەندێکی لە وەسف نەهاتووی بۆ هەموو ئەمانە زیاد کردووە و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە یەکێک لە جێپەسەندترین شوێنەکان بۆ سەردانیکردن و تێدا ژیان و کارکردن.



* د. کریستۆفەر تیڵی: مێژوونووس و شارەزا لە ئابووریی زەوی و ڕووپێوێکی باوەڕپێکراوە، کە لە کۆلێژی کینگی زانکۆی لەندەن وانەی گوتووەتەوە و ئێستاش سەبارەت بە نەخشەدانانی ستراتیژی ڕاوێژ دەداتە حکوومەت و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان. بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای (پۆرتمان گەیت ئەدڤایزەریی سنووردار)ە، هەروەها ئەندامێکی پرۆفێشناڵی پەیمانگەی شاهانەی ڕووپێوە باوەڕپێکراوەکان، ئەندامی کۆمەڵەی مێژوویی شاهانە و هاوەڵی کۆمەڵەی جیۆگرافیی شاهانەیە.

گوڵبێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

## شووشەی خوێنەکە

چیرۆکنووسی نەمر محەمەد مەولود مەم لە خەستەخانە کەوتبوو، لەگەڵ فیکرەت و بورهان چووینە لای، دیار بوو پێویستی بە شووشەیەک خوێن بوو، فیکرەت گوتی، من دەیدەمێ، زامداریش بەڵێنی دابوو ئەویش بیداتێ.

فیکرەت لە زامدارناسیدا زۆر مەعلان بوو، گوتی: تۆ بچۆ بۆ لای زامدار لە دایرەکەی، منیش تەلەفۆن دەکەم.

چوومە لای زامدار و فیکرەت زەنگی لێ دا:

- کاکە کەی دێیت؟ ئەو پیاوە وەزعی زۆر خراپە.

زامدار وەرامی داوە:

- عەزیزم وا وەفدێک بەڕێوەن بێنە لام، جارێ ناتوانم دایرە چۆڵ بکەم.

سەیرێکی زامدارم کرد، بینیم تۆزێک شڵەژاوە، گوتی:

ئێ کاکە وەڵڵا خوێنی من بە عەمەلی ئەو پیاوە نایەت، هەمووی چەوری و خڵتە.

دوای نیو سەعات، دیسان فیکرەت تەلەفۆنی کردەوە:

- کاکە وا دکتۆر و جەماعەت چاوەڕێت دەکەن، عەیبە خۆ وەعدت داوە.

دیسان زامدار سەیری کردم و گوتی:

- ئێ کاکە تۆ لە جێی من بە، دەکرێت من لێرە نەبم و وەفدیش لە بەغداوە بێت؟

بەرەبەری مەغریب تەلەفۆنم بۆ فیکرەت کرد، گوتی:

- کاکە خوێنەکەم دا بە مەم.

دوای هەفتەیەک، مەم کۆچی دوایی کرد، لە چلەکەیدا، زامدار گوتارێکی خوێندەوە، کە گەیشتە سەر مەسەلەی شووشە خوێنەکە، ئەوەندە وەستایانە گێڕایەوە، کە ئامادەبووان سەریان سوڕما، گوتی:

- جا خوێن چ بوو، من گیانی خۆم بۆ تۆ لا هەرزان بوو.

ئەوانەی دەیانزانی مەسەلەکە چۆنە، لە بن سمێڵانەوە پێدەکەنین، ڕەحمەتی سەعید یەحیا لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، سەری بە بناگوێمەوە نا و گوتی:

- ئەو شووشە خوێنە هی مەحمود بوو یان فیکرەت؟

ڕوحی هەموویان شاد، پێشان وەفا و بەهای کۆمەڵایەتی لەوپەڕی بەهێزی دابوو، دونیا وەک ئێستا بەقوڕ نەگیرابوو. سەربردەی فیکرەت لەگەڵ زامدار درێژەی هەیە، ناو بە ناو بۆتان دەگێڕمەوە.

## بە دەستی ئەندازیاری کورد دروست دەکرێت

# کارگەیەک لە هەولێر ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە هەناردە دەکات



هێمن بابان ڕەحیم

کۆمپانیایەکی خۆماڵی لە هەولێر حەفت ساڵ دەبێت ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە دروست دەکات، تا ئێستا ٢٠ ئۆتۆمبێلی تەواو کردووە و سەرقاڵی دروستکردنی پێنج ئۆتۆمبێلی ترە بۆ دامەزراوەیەکی حکوومەتی عێراق لە پارێزگای کەربەلا، خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێ نرخی ئۆتۆمبێلەکانیان نزیکەی ١٠٠ هەزار دۆلار لە هی هاوردەکراو کەمترە و جۆریشیان باشترە.

بە بازوو و بیری ژمارەیەک ئەندازیار و کرێکاری لێهاتووی کورد لە شوێنێکی کار کە تەنیا چەند کیلۆمەترێکی کەم لە ناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کۆمپانیایەکی خۆماڵی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە دروست دەکات.

### لە فیتەرییەوە بۆ دروستکردنی ئاگرکوژێنەوە

کۆمپانیای «دووسەرە» لە ساڵی ١٩٧٧ دامەزراوە، سەرەتا تایبەت بووە بە کەرەستە و کەلووپەلی کشتوکاڵی و چاککردنەوەی تۆڕنە و پارچەکانی تری ئۆتۆمبێل لە شێوەی کاری فیتەری، تا لە ساڵی ٢٠١٤ چوونە بواری ئاگرکوژێنەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی بە دروستکردنی یەکەم ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە کرد کە ناوی کۆمپانیاکەی هەیە. کاتێک سەردانی کۆمپانیایەکەمان کرد بۆ ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییە، کرێکارەکان سەرقاڵی دروستکردنی پێنج ئۆتۆمبێل بوون کە کۆمپانیاکە بۆ بەرژەوەندیی عەتبەی عەباسی لە کەربەلا دروستی دەکات کە دامەزراوەیەکی حکوومەتی عێراقی فیدراڵە. ئۆتۆمبێلەکان بەپێی خەسڵەتی جیهانی دروست دەکرێن، لە شێوازی دەرەکیی ئۆتۆمبێلە دروستکراوەکان سوود لە شێوازی نەمسایی و ئەڵمانی وەرگیراوە، مەریوان فایەق کەریم، خاوەنی کۆمپانیاکە بە (گڵکەند) دەڵێت :»دروستکردنی هەر ئۆتۆمبێلێک نزیکەی سێ مانگی پێویستە و هەندێک جار ڕەنگە کەمتری بوێت ئەگەر ژمارەی داواکراوی ئۆتۆمبێل بوو لە یەک دانە زیاتر بن.»

### نرخی هەرزانتر و کواڵێتی بەرزتر

بۆ نرخی هەر ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوەش دەڵێت :»نرخەکان بەپێی جۆری ئۆتۆمبێلەکان، خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی لە نێوان ١٧٠ بۆ ٢٦٠ هەزار دۆلار واتە (١٧ بۆ ٢٦) دەفتەر دۆلار دەبێت و نرخەکانی ئێمە لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠٪ کەمترە لە نرخی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو.»

بەشێک لە ئۆتۆمبێلە دروستکراوەکانی کۆمپانیاکە لە پاڵاوتگە، کۆگە و هەندێک دامەزراوەی دیکە لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بەکار دەهێندرێن و وەکو خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت هیچ کێشەیەکیان نەبووە، ڕوونیشی دەکاتەوە :»لە ڕووی کوالیتییەوە ئۆتۆمبێلەکانی ئێمە هیچ کەمتر نین لە ئۆتۆمبێلی دروستکراوانی وڵاتانی دیکە، ئۆتۆمبێلەکانی ئێمە بۆ یەک ساڵ گەرەنتی و خزمەتگوزاریشی لەگەڵدایە.»

دەشڵێت :»هەندێک دامەزراوە هەن لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوەیان لە هەندێک لە کۆمپانیای دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق کڕیوە بەهۆی بوونی کێشە تێیاندا، کاتێک پەیوەندیی بە کۆمپانیاکەوە دەکەن یان ئیمێلیان بۆ دەنێرن وەڵام نادرێنەوە، دواتر دێنە لای ئێمە ئەو کێشانەیان بۆ چارەسەر دەکەین.»

لە ڕووی پلێتی بەکارهاتوو، ئامێرەکان، کەرەستە و جوانکاری و بۆیە و سەرجەم وردەکارییەکانی دیکەی ئۆتۆمبێلەکە پشت بە نموونەی ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوەی ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو بەستراوە، لە هەر قۆناغێکی دروستکردنیشیدا ئۆتۆمبێلەکە بەچەندین ڕێکاردا تێدەپەڕێت بەمەبەستی ئەوەی هیچی لە هاوشێوەکانی کەمتر نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هیچ هەنگاوێک لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلانە بەکردەیی نەنراوە کە ئەم هەنگاوە بۆ ئەوان پشتیوانییەکی سەرەکییە و چاوەڕوانی دەکەن.

### چاوەڕێی یەکەم گرێبەستی حکوومەتن

بڕیار بوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەدیاریکراوی وەزارەتی ناوخۆ گرێبەستێک بۆ کڕینی ٤٠ ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە لەگەڵ کۆمپانیا خۆماڵییەکە بکات، بەڵام هێشتا نەکراوە، خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت :»ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوەمان بە دیاری پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد، تا تواناکانمان ببینن و دڵنیا بن لە کواڵیتی بەرزی کارکردنمان.» دەشڵێ بەڵام چەند مانگێک دوای ئەو هەنگاوە، هێشتا لە گفتوگۆ دان و هەموو وردەکارییەکانیان داوە بە وەزارەتی ناوخۆ و دامەزراوەکانی دیکە، لێژنەیان لە نزیکەوە هاتوون بۆ کۆمپانیا و چاویان لە بەرهەمەکان و خەسڵەتەکانی کردووە و پێیان باش بووە.

کۆمپانیای دووسەرە شاسیی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە وەکو هەر کۆمپانیایەکی دیکەی دروستکردن چی لە کوردستان بێت یان لە وڵاتانی دیکە هاوردە دەکات و بەپێی داواکاریی کڕیار، دواتر کەرەستە و پێداویستییەکان هاوردە دەکات و لە هەولێر پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بە شێوازێک کە دوای چەندین جار تێست و تێپەڕین بە چەندین قۆناغی دروستکردن دەدرێتە دەستی کڕیار.



کۆمپانیاکە هەندێک داهێنانی لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلەکەدا کردووە وەکو سوڕانەوەی تەواوەتیی تایەکانی، دانانی ژمارەیەک کامێرا لەسەر ئۆتۆمبێلەکە کە سەرجەم وردەکارییەکانی ڕووداوەکان و دەستپێکی هەنگاوەکان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکان تا تەواوبوونی تۆمار دەکات.

لای خۆیەوە زیاد بابان، ئەندازیاری ڕاوێژکاری کۆمپانیاکە کە بزوێنەری پرۆژەی دروستکردنی ئاگرکوژێنەوەیە، دەڵێ جۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کۆمپانیاکەیان دروستی دەکات، بەپێی جۆری شاسیی و قەبارەی کۆگەی ئاو و درێژیی لوولەی بۆڕیی ئاو و ژمارەی کۆگەکانی دەگۆڕێت، کەرەستە و کەلوپەلەکانی هەر ئۆتۆمبێلێک کە دروستی دەکەن لە ژمارەیەک وڵاتەوە دەهێنن و سەرجەم کەرەستەکان گەرەنتییان هەیە. بەپێی قسەکانی ئەو ئەندازیارە، قەبارەی ئۆتۆمبێلەکان و بە دیاریکراوی کۆگەکانی کە ئاو و فووم و پاودەرییان تێدایە، چەند جۆرێکن و کۆگەی سەرەکیی کە ئاوە لە ٦ هەزار لیتری ئاو دەستپێدەکات و هەیە دەگاتە ١٦ هەزار لیتر، هەروەها درێژیی سۆندەی ئاگرکوژێنەوە دەگاتە ٨٠ مەتر و گونجاوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگر لە بەرزییەکی زۆرەوە، جگە لە ترۆمپاکانی ئاو و پەیژەکانیش.

### داوایان لێ دەکرێ کارگەکە بگوازنەوە باشووری عێراق

زیاد بابان ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی کواڵێتیی بەرز و شێوازی پێشکەوتووی ئەو ئاگرکوژێنەوانەی دروستی دەکەن، کە هیچیان کەمتر نییە لەوانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقیش بۆ بنکەکانی ئاگرکوژێنەوە لە دەرەوە هاوردەیان دەکەن، تەنانەت لە هەندێک لایەندا کواڵێتیی بەرهەمە خۆماڵییەکەی ئەوان باشتریشە، پارێزگای بەسرا داوای لێ کردوون کۆمپانیا و شوێنی دروستکردنی ئاگرکوژێنەوەکان ببەن بۆ ئەوێ و زەوی و شوێنی بەفرەوانیان بۆ دابین دەکەن، بەڵام بە گوتەی مەریوان فایەق ڕەتیانکردووەتەوە و ئەوان دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی لە هەولێر بمێننەوە بۆ ئەوەی خزمەتی باشتری کوردستان بکەن.

کۆمپانیاکە پلانی هەیە لە داهاتوودا ژمارەی کرێکارەکانی زیاتر و بەرهەمەکانی زۆرتر بکات، ئەگەر داواکاریی زیاتریان بۆ بێت و حکوومەت گرێبەستیان لەگەڵدا بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پیشەسازیی ناوخۆیی.

## حوسێنی مەلا

# ئەو هەولێرییەی ڕۆڵی هەبوو لە دانانی پادشای عێراق

**دوین ئاریان**

گ مێژووی کۆن و هاوچەرخی هەولێر تژی کەسایەتیی گەورە و ناودارە، حوسێنی مەلا پیاوە ناسراوەکەی دەشتی دزەییاتی، ئەندامی خولەکانی شەشەم و نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە سەردەمی خۆیدا کەسایەتییەکی بەهێز و باڵادەستی هەولێر بووە.

ئەحمەد شێرکۆ یەکێک لە نەوەکانی حوسێنی مەلا کەسایەتیی ناوداری هەولێر، بەدەم قسەکردنەوە بۆ (گڵکەند)، جار جار ئاوڕ بۆ وێنە هەڵواسراوەکەی پشت سەری دەداتەوە و دەڵێ ئێستاش سایە و سێبەری باپیرە گەورەم بەسەرمانەوەیە و ناوەکەی بۆ ئێمە و دەشتی دزەییاتی و هەولێریش بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

باپیرە گەورەی ئەحمەد یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی عەشیرەتی دزەیی، ئەو کوڕی حاجی مەلای کوڕی حەوێزی کوڕی حەسەن ئاغای مەحمود ئاغا بووە، ناوێکی دیارە لە دەشتی دزەییاتی و شاری هەولێر، ئەحمەد شێرکۆ بە شانازییەوە دەڵێ حوسێنی مەلا نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا شەڕی لەسەر کوردستانیبوونی قەزای مەخموور کردووە، بەهۆی چاونەترسیشەوە ژمارەیەک ئەرکی ئەمنی پێ دراوە.

### ئەرکی پاراستنی ئاسایشی هەولێری لە ئەستۆ بووە


ئەوە دەگێڕێتەوە کە حوسێنی مەلا هاوڕێی مەلا فەندی بووە، زاوا و ئامۆزا و کەسێکی نزیکی ئیبراهیم بایزاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئەوسای دزەییانیش بووە.

ئەحمەد شێرکۆ دەڵێ باپیرە گەورەی لە ساڵی ١٨٧٠ لە گوندی باقرتە لەدایک بووە و سەرپەرشتیی ئیشوکاری کشتوکاڵی کردووە.

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی تاوەکو هاتنی سوپای بەریتانی ئەو کەسایەتییە ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی پارێزگای هەولێری پێ سپێردراوە، لە ساڵی ١٩٢٤دا نوێنەرایەتیی لیوای ئەربیلی کردووە لە ئەنجوومەنی دامەزراوەی عێراق کە لە شێوەی یەکەم پەرلەماندا لەو وڵاتە هەڵبژێردرا، یەکێک بووە لەو بەرهەڵستکارانەی سەردەمی خۆی کە ڕازی نەبووە کەسێکی بەدەر لە عێراقی ببێتە پادشای عێراق.

بەپێی گێڕانەوەی ئەحمەد شێرکۆ، نزیکەی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا حوسێنی مەلا لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتێکی شەمەر لەسەر کوردستانیبوونی قەزای مەخموور شەڕی کردووە و





**حوسێنی مەلا بەر لە 100 ساڵ شەڕی لەسەر کوردستانیبوونی مەخموور کردووە**

**دوای ئەربیل ئولا، دووەمین قوتابخانەی لە 1933 لە گوندی قازیخانە کردووەتەوە**

سەرکەوتووە، ڕای خۆی بەسەر لایەنی بەرامبەردا سەپاندووە و بۆی سەلماندوون کە مەخموور خاکی کوردانە.

حوسێنی مەلا پێش ئەوەی پادشا بۆ عێراق دابندرێت، ئەندامی ئەنجوومەنی سیادە بووە لە عێراق کە هەشت کوردی تێدا بووە، یەکێک لە کارەکانی ئەو ئەنجوومەنە دانانی پادشا بووە بۆ عێراق.


هەرچەند حوسێنی مەلا خوێندەوارییەکی باشی نەبووە، بەڵام هەوڵی داوە لە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانەوە خەڵکی دەڤەرەکەی هۆشیار بکاتەوە و فێری خوێندەوارییان بکات، توانی لە دوای قوتابخانەی ئەربیلی ئولا، دووەمین قوتابخانە لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی قازیخانە بکاتەوە.

چەندین سەرچاوەی مێژوویی باسیان لە حوسێنی مەلا کردووە، لەوانە مامۆستا مەلا خالید مورتکەیی لە کتێبێکدا بەناوی (باسی دزەیی)، لەبارەی حوسێنی مەلاوە نووسیویەتی «پیاوێکی باشە، لە بۆ ئتفاقی میانی خزمایەتی بێ وێنەیە، لە دائیرەی حکوومەتی سەربەستە، شەرم لە کەس ناکات، هە ر کەسێ ڕقی لێ ببێتەوە، زۆر چاکەی لەگەڵ دەکات، قەت ناترسێ لە هیچ پیاوێکی حکوومەت، سێ کەڕەت (مبعوس)ی لە حکوومەتی عێراق کردووە.»

### مەلای گەورە چۆن باسی حوسێنی مەلای کردووە؟

ئەحمەد شێرکۆ دەڵێ کە بوون بە نوێنەری لە سەردەمی کۆندا کارێکی ئاسان نەبووە، لە کتێبی بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورەدا بەم جۆرە باسی مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو کەسایەتییانە کراوە کە دەبنە (نوێنەر) «وا ئەزانم بۆ مەبعوس چەند شەرت لازمە، زوبان بزانێ، ئاگای لە شەریعەتی قەوانین بێت و بێ جسوور و جەربەزە بێت، لە دائیرەی ئەدەب دەرنەچێت و غەزەب نەیگرێ و تەعەسوبی حیزبی نەبێت و بە چاوی مەیل و مەحابا تەماشای مەسالیح و مەفاسیدی ئومەت بکات، فەقیر نەبێت، لە گوزەرانی ئەمین بێت، بەلیغ و جەزاب بێت، خولاسەی ئەوەی ئەیناسی بڵێ وەکی حوسێنی مەلا ئاغای دزەیی بێت کە حالەن مەندوبە.»

حوسێنی مەلا لە ساڵی ١٩٥٨دا کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی قازیخانە نێژراوە.



شێرزاد هەینی

# 300 لۆ هەولێر

لەناو پارکی گڵکەند، یان باخچەی گڵکەند، بەرانبەر نافوورە کۆنە نەوییە بازنەییەکەی، پەیکەرێک لەسەر ستوونێکی باریک دانراوە، کارێکی هونەریی بەرزە و لە کانزا دروست کراوە، گوزارشت لە پرۆسە و مێژوویێک دەکات کە دەستێکی هونەری لە پشتە، چەند جارێکیش زوومی کامێراکەم لەو پەیکەرە کردبوو، پێم جوان و سەرەنجراکێش بوو، هونەرێکی تایبەتە، بەڵام نەمدەزانی کاری کێیە، کام هونەرمەند بیرۆکە و دیزاین و جێبەجێی کردووە!

گومانیشم دەکرد، دەمگوت؛ دوور نییە شارەوانی بەئامادەکراویی لە دەرەوەی کڕیبێ! هەر گومان و بەس! بەڵام دوایی زانیم ناوی هونەرمەندەکەی لەسەر هەڵکەندراوە، زانیم، پارچە هونەرییە باڵدار و سەرمەست و دیارەکەی پارکی گڵکەند، کاری هونەرمەند نامیق عەلی قادر›ی هاوڕێمە!

هونەرمەندی شێوەکاری دیاری کوردستان نامیق عەلی قادر، پێشەنگ و قەڵەم و ڕەنگی هونەری هەولێریێ بووە، ئەوەش لەو دەوەشێتەوە، بەرهەمێکی ئەو لە ناو پارکی گڵکەند دابنرێت.

ئێوارەیەک پێکەوە چووینە ناو پارکەکە، بەدیار پەیکەرەکە وەستاین، ئەو گوتی؛ ئەوە ‹›پێمەڕە››یە، لەمێژە لەگەڵ دەست و کاری مرۆڤ بووە، بەوانە، زەوییان بۆ کوورە، چاندن، دروستکردن، ژیان هەڵکۆڵیوە، بۆیەش من پێمەڕەیەکم کردووە بە پارچەیەکی هونەریی برۆنز. هزر و بیرۆکە، سکێچ و ئارەزووەکەم بردە ناو کارگەیەکی تواندنەوە و داڕشتنەوە لە وڵاتی ئۆکراینا، بەر دەستی کەسانی شارەزا لەو بوارە هونەرییەدا، کە لەکن ئێمە نییە و ئاسانیش نەبووە!

بۆ ئەو کارە، کارەکانی تریش، دوو لەوانەی لەناو ئەو پارکە دانراون، یەکێکی تریش بەهەمان مەبەست، بۆ ژیان، گەشەسەندن و ڕووناکی لەناو پارکی شانەدەری بەرانبەرمان دانراوە.

ئەو گوتی؛ شێرزاد دەزانی؛ نمونەی ترم زۆرن، بەڵام بەدواداچوون و چاودێریان دەوێت!

ئەو لەگەڵ قسەکانی وای دەزانی دوێنێ بوو، چوویتە کارگەکە و نمونەکەی بردووە! نەرم نەرم دەستی لە بورغییەکانی بەستن و پێگە ستوونییەکە و درزی مەرمەڕەکانی دەدا! لەبەر خۆیەوە دەیگوت؛ ئەوانەش پێویستیان بە دەستکارییە، کۆن بوون و ماندوون!

دەزانی ئەو نمونەیەم، تەواو نەکراوە، ویستبووم لە پشت پێمەڕەکە، دیواربەندێکی کەرپووچ دابنێم، بەوە ماناکە تەواو دەبوو، بیرۆکەکەی من باشتر و تەواو دەگەیشت، بەڵام نەگونجا!

منیش گوتم؛ نمونەیەکی جوانە، مەبەستی تەواو دەگەیەنێت، بەڵام بەداخەوە کەم کەس دەزانن کارەکە خۆمانەیە!

# بەر لە 90 ساڵ هیچ هوتێلێك لە هەولێر نەبووە

نازم دڵبەند

هەولێر وەک شارێکی دێرین و هەمیشە زیندوو و پڕ لە جووڵەی ڕێبواران، لە ماوەی چەند هەزار ساڵی ڕابردوودا ژیانی تێدا بەردەوام بووە و لە سەردەم و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانیشدا ناوەندی بازرگانی و سیاسییش بووە، بۆیە هاتوچۆی خەڵکی شار و ئاوایییەکانی دەوروبەری و تەنانەت خەڵکی وڵاتانی دیکەشی بەسەرەوە بووە.

لە چەند سەدەی رابردوودا خەڵکی هەولێر لەگەڵ گوندنشینەکاندا بە تایبەت لە رووی بازاڕکردن و کڕین و فرۆشتندا بەردەوام لە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ و بەردەوامدا بوون، گوندنشینەکان لە وەرزەکانی هاوین و بەهاردا بەتایبەت بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی باخ و ڕەز و ئاژەڵەکانیان و کڕینی پێویستییەکانی وەرزی زستان، ڕوویان لە هەولێر کردووە، چونکە لەو وەرزەدا لەبەر باهۆزی سەرما و سۆڵە و بارانبارین و ڕێگاگیران بەهۆی بەفرەوە، کەمتر ڕێگایان دەکەوتە شار.

هەندێک جار خەڵکی ناوچە شاخاوییە دوورەکان کە دەهاتنە ناو هەولێر، ناچار دەبوون شەو بمێننەوە.

لە کتێبی بیرەوەرییەکانی کەنعان موفتیدا هاتووە کە لە هەولێر تا ساڵی ١٩٢٩ هیچ هۆتێلێک نەبووە، ئەو خەڵکە بۆ خەوتن و مانەوەیان ناچار دەبوون ڕوو



بکەنە خان، مزگەوت و تەکییەکان، هەندێکیشیان لە ماڵی ئەو دوکاندار و بازرگانانە دەمانەوە کە مامەڵەیان لەگەڵیاندا هەبووە و پەیوەندیی هاوڕێیەتی و خزمایەتیان لەگەڵ دروست کردوون.

هەرچی ئەو کەسە بیانییانەشن کە بە میوانی لە شار یان وڵاتێکی دیکە دەهاتنە هەولێر و دەمانەوە، ڕوویان لە شوێنەکانی میوانداری و دیوەخانەکان دەکرد. لەسەر قەڵاتی هەولێرێ نزیکەی ٢٠ شوێنی میوانداری هەبوون، ئەوانەشی کە خزم و ناسیاویان لە هەولێر هەبوو، لای ئەوان دەمانەوە.

بەپێی گێڕانەوەی کەنعان موفتی نووسەر و کەسایەتیی ناسراوی هەولێر، لە دوای ساڵی ١٩٢٩ یەکەم هوتێلەکانی هەولێر کراونەتەوە. ڕەنگە بە شێوەیەکی فەرمییش یەکەم هوتێلی گەورە و قەشەنگ لە هەولێر کرابێتەوە، هوتێل فەرەح بووبێت کە لە سەربانی چایخانەی مەچکۆ بوو، لە کاتێکدا چایخانەی مەچکۆ لە ساڵی ١٩٤٠دا کراوەتەوە، دەبێ هوتێل فەرەحیش لە دوای ئەو کرابێتەوە. و تا ساڵی حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەو هوتێلە کراوە بوو. هەروەها هوتێل سندباد، هوتێل شەهرەزاد و هوتێل لبنان لە یەکەمین هوتێلەکان بوون کە لەناو شاری هەولێر لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی رابردوو کرانەوە.



# سەلیم قاقا بۆ پێکێک مەی مانگی دیت!

نازم دڵبەند

یەکێک لەو خۆشمەشرەبانەی ناو قەیسەریی هەولێرێ لە نزیک چایخانەی حاجی مستیل، کە بەیانییان زوو لە قەڵاتێ دەهاتە خوار و لەبەردەم دوکانەکەی مام ڕەشید قۆجەی، تۆڕی پڕ لە ڕەشۆلەکانی دادەنا کە ئێوارەی ڕۆژی پێشتر لە لای قەسابخانەی ڕێگای مووسڵی کۆن و گوندی قەتەوی ڕاوی کردبوون، یەکی بە چەند فلسێک دەیفرۆشت، سەلیم کەریم سەعید ناسراو بە (سەلیم قاقا)ی پیاوە خۆشەویستەکەی هەولێریان بوو.

سەلیم قاقا کە لە ساڵی ١٩٣٣ لەدایک ببوو، سەربردە و پەیوەندییەکی زۆر فراوانی لەگەڵ خەڵکی شار هەبوو و زۆر خۆشەویست بوو. ئەو پیاوە هەر لە منداڵییەوە لە جیاتی وشەی (کا)، وشەی (قا)ی دەهاتە سەر زار و لە جیاتی بڵێ کاکە، دەیگوت (قاقا). هەر بۆیە ناوی بەم نازناوە بڵاو ببۆوە.

با سەربردەیەکی خۆشی سەلیم قاقا بگێڕینەوە، کە لە کتێبی یادەوەرییەکانی کەنعان موفتی وەرگیراوە و دەڵێ جارێک کەسێکی بیانی دەچێتە لای، کە دۆستی ژینگە و تەیر و ئاژەڵ بووە. ئەو بیانییە هەموو ڕەشۆڵەکانی لێ دەکڕێت و بایی پێنج دینار بوون، هەر لەوێش هەموویان بەرەڵڵا دەکات. سەلیم قاقا بەم ڕەفتارەی کابرای بیانی خەفەتبار دەبێ و دەڵێ، گرنگ نییە ڕەشۆڵەکان ئەمڕۆ ئازاد کران، گرنگ ئەوەیە زوو بگەڕێنەوە شوێنی دوێنێیان، هەتا سبەینێ بەیەک بگەینەوە.

ڕەفتارێکی سەرنجڕاکێشتری مام سەلیم قاقا، ئەوە بوو کە بە درێژایی ساڵ (بادە مەست) بوو، تەنیا لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا نەیدەخواردەوە و ئەو مانگە بەڕۆژوو دەبوو، بەڵام بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتی لە دوا ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا، هەندێ کەسایەتیی دیاری هەولێر دەچوونە سەربانەکانی قەڵات، تاوەکو مانگ ببینن و قازیی هەولێر ئاگادار بکەنەوە تا بەیانییەکەی ببێتە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان. یەکێک لەو پیاوانەی چاودێریی بینینی مانگی دەکرد، حاجی حیکمەت بوو، کە کەسێکی بە ویقار و جێی متمانەی خەڵکی بوو، زۆرتر ئەو قازیی هەولێری ئاگادار دەکردەوە. لە شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ی مانگی ڕەمەزان، خوالێخۆشبوو قازی ڕەشاد موفتی لە نووسینگەی خۆی لە دادگای شەرعیەی هەولێر، چاوەڕێی هێنانی هەواڵی بینینی مانگ دەکات تاوەکو جێژن ڕابگەیەنێت، لەو کاتەدا کۆمەڵێک هاوڕێی سەلیم قاقا کە ئەوانیش چاوەڕێی جەژن بوون تاوەکو دەست بە خواردنەوەی مەی بکەن، قاقا ڕازی دەکەن بچێتە لای قازی ڕەشاد موفتی بۆ ئەوەی بڵێ مانگم بینیوە و سبەی ببێتە جەژن.

سەلیم قاقا دەچێتە بەردەم نووسینگەی قازی و بە پاسەوانەکە دەڵێ: دەمەوێ بچمە لای قازی ئەفەندی، ئەویش دەیباتە ژوورەوە، قازی ئەفەندی لەو کاتەدا لە ناوەڕاستی ژوورەکەیدا ڕاوەستاوە، قاقا پێی دەڵێ: قاقا ڕەشاد ئەفەندی من مانگم دیت.

جەنابی قازی پێدەکەنێ، دەزانێ ئەو قسەیەی سەلیم قاقا ڕاست نییە و تەنیا دەیەوێ ببێتە جەژن تا دەست بە خواردنەوەی مەی بکاتەوە، قازی لێی دەپرسێ: سەلیم لە کام لا مانگت دیت؟ سەلیم لە وەڵامدا گوتوویەتی: لەلای ڕۆژهەڵات، لە نزیک گوندی شەرەبۆت لەسەر ڕێگای کۆیە.

بێگومان ئەو قسەیەی سەلیم قاقا دوور بوو لە ڕاستی، چونکە مانگ هەمیشە لە ڕۆژئاوا دەبینرێ نەک لە ڕۆژهەڵات. قازی لە سەلیم قاقا دەپرسێ: مادام مانگت بە چاوی خۆت دیت، دە بۆم باسکە ڕووخساری چۆن بوو؟ ئەویش گوتوویەتی: ئەفەندی لە ناوەڕاستی مانگ ئەستێرەیەک هەبوو. قازی پێدەکەنێ و بە سەلیم دەڵێ: بڕۆ لە ژووری ئەودیو دانیشە تا بانگت دەکەم.

دواتر قازی ڕەشاد موفتی تەلەفۆن بۆ قازیی بەغدا دەکات و پێی دەڵێ: مانگ بینراوە و بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژنە. ئینجا بە پێکەنینەوە بانگی سەلیم قاقا دەکات و پێی دەڵێ: ئەوە لەبەر خاتری تۆ سبەینێ یەکەم ڕۆژی جەژنە. قاقاش بە کەیفخۆشییەوە دەچێتە لای هاوڕێکانی و پێیان دەڵێ: ئەوەتا بۆ پێکێک مەی مانگمان دیت!



# چیرۆکی وێنە ڕوونەکەی مانگ لە سەربانێکی هەولێرەوە

قاسم خدر

گ دەریا کاوەی تەمەن ٣١ ساڵ زۆربەی ڕۆژەکان کە لەسەر کار دەگەڕێتەوە، بە پەلە نانی نیوەڕۆ دەخوات و دوای کەمێک پشوو، لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەوە بە ئەسپایی تێلێسکۆپە قورسەکانی هەڵدەگرێ کە کێشی هەریەکەیان نزیکەی ٢٥ کیلۆگرامە، دەچێتە سەربان و دەرگا بەدوای خۆیدا قەپات دەکات.

ئەو گەنجە کەشێکی تەواو کپ و هێمن بۆ خۆی دروست دەکات، بە ئارامی چاوەڕوانی ئەوەیە باشترین وێنە فەلەکییەکانی بگرێت، بەتایبەت وێنەی مانگ.

هەندێ شەو تا کاتژمێر دووی بەرەبەیان لە سەربان دەمێنێتەوە، بەڵام خێزانەکەی هەرگیز نارەزایی دەرنابڕن، ئەوان لە حەز و خولیای کوڕەکەیان تێدەگەن و پەرۆشی ئەوەن هیچ دەنگە دەنگێک نەکەن و بە پلیکانەکاندا سەرنەکەون، چونکە دەزانن تەنانەت هێواشترین دەنگی تەپەتەپی پێ لەوانەیە هاوسەنگییە وردەکەی تێلسکۆپەکانی تێک بدات.

دەریا وێنەگرێکی فەلەکییە astrophotographer لە شاری هەولێر دەژی، ئەمساڵ یەکێک لە وێنەکانی مانگ کە دەریا گرتبووی، پاش ئەوەی لە ئەکاونتی خۆی لە ئینستاگرام و هەروەها لە پەیجی ئەسترۆفۆتۆگرافی لە فەیسبووک بڵاوی کردەوە، وەک ئاگری ناو پووش بە ئینتەرنێتدا بڵاو بووەوە.

وێنەکە لە پەیجی ئەسترۆفۆتۆگرافیدا ١٠٠ هەزار لایکی بەدەست هێنا و بوو بە پڕ کاردانەوەترین پۆست لەو پەیجەدا تا ئەمڕۆ.

کاتێک دەریا وێنەکەی لە ئینستاگرامی خۆی بڵاو کردەوە، ٤٠٠ هەزار شوێنکەوتە (فۆڵۆوەر)ی هەبوو، لە ماوەی یەک ڕۆژدا فۆڵۆوەرەکانی ١٠٠ هەزار زیادیان کرد و ئێستا ٨٨٢ هەزار فۆڵۆوەری هەیە.

وێنەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دەزگەکانی ڕاگەیاندن و پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا شەیر کرا و بڵاو بووەوە، گفتوگۆی زۆری لەنێو بینەراندا دروست کرد و زۆر کەس بە «ڕوونترین وێنەی مانگ»یان وەسف کرد کە تا ئێستا بڵاو بووبێتەوە و لە مێدیاکاندا ئەم سەردێڕانە بەرچاو دەکەوتن: «وێنەگرێک ڕوونترین و تیژترین وێنەگەلی مانگ دەگرێت»، «وێنەگرێک پڕ وردەکاریترین وێنەی مانگ دەگرێت کە تا ئێستا گیرابێت». کۆمێنتەکان لە سۆشیال میدیا تا ڕادەیەکی زۆر ئەرێنی و هاندەر بوون. بەکارهێنەرێک نووسیبووی: «سەرسوڕهێنەرە. هیچ وشەیەک نییە وەسفی ئەمە بکات!». یەکێکی تر نووسی: «وێنەیەکی نایاب و کارێکی گرانە. بەڕێز تۆ شایانی هەموو ڕێزێکیت». یەکێکی تر نووسیبووی: «من دەبێت ئەم وێنەیە چاپ بکەم و لە ژوورەکەمدا هەڵیبواسم». دەریا بەمتمانەوە دەڵێ: «ئەگەر وێنەیەک شۆکم نەکات لە ئینستاگرامی خۆم دایینابەزێنم».

کاتێک لێی دەپرسی ئاخۆ پێی وایە وێنەکەی ئەو ڕوونترین وێنەی مانگە تا ئێستا گیرابێت، دەریا لە وەڵامدا دەڵێ: «نازانم، هیوادارم وا بێت، بەڵام من ئێستا کات و وزەی زیاتری خۆم بۆ وێنەگرتنی فەلەکی تەرخان دەکەم. خەونی من ئەوەیە لە سەرتاسەری جیهاندا بناسرێم نەک تەنها بە گرتنی ڕوونترین وێنەی مانگ، بەڵکو بە گرتنی وێنەی تەنی تری ئاسمانی».

دەریا ئاشکرای کرد چوار ڕۆژ بە گرتنی ئەو وێنەیەی مانگەوە خەریک بووە و گوتی «گرتنی وێنەی تەنی ئاسمانی وەک ئەوە وایە لوغز (پەزڵ)ێک پارچە پارچە



وێنە: سەفین حەمید

دروست بکەیت»، ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە چوار ڕۆژ بە گرتنی وێنەکانەوە خەریک بووە، چوار ڕۆژی تریش بە پرۆسێسکردنی وێنەکان و کۆکردنەوەیان لە یەک وێنەدا.

## خولیایەکی ڕۆحی لە منداڵییەوە

دەریا بڕوانامەی ماستەری لە کشتوکاڵ و ئاو و خاکناسیدا هەیە و ئێستا وەک بەڕێوەبەر لە گەورەترین پارکی هەولێر کە پارکی سامی عەبدولڕەحمانە کار دەکات، بەڵام حەز و خولیای بۆ کامێرا زۆر پێش ژیانە پیشەییەکەی دەستی پێ کردووە، دەڵێ: «یەکەم جار بە منداڵی کامێرام بینی شەیدای بووم و لەو کاتەوە حەزم دەکرد کامێرایەکم هەبێت».

سەرەنجام، ساڵی ٢٠٠٧ توانی یەکەمین کامێرا بکڕێت کە کامێرایەکی بچووکی کانوون بوو و لەکاتی سەیرانە خێزانییەکاندا وێنەی سرووشت و دیمەنە سرووشتییەکانی پێ دەگرت، «هەمیشە هەوڵم دەدا لاسایی وێنەگرانی ئایسلاند و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەمەوە و بە بەردەوامی لە وێنەی دیمەنە سرووشتییەکانم دەکۆڵیەوە، بەتایبەت دیمەنی هەندێ شوێنی وەک گراند کانیۆن».

دەریا وێنەگرێکی خۆپێگەیەنە، بەشداری هیچ ڕاهێنانێکی ڕەسمی نەکردووە و خۆی فێری تەکنیکەکانی کامێرا و ئێدیتکردنیان بووە، بەڵام خولیای ئەو بۆ وێنەگرتن ڕەگوڕیشەی قووڵتری هەیە، ئەویش کاتێک بە منداڵی، هاوشێوەی زۆر خەڵکی تر لە هەشتا و نەوەدەکان، لە مانگە گەرمەکانی هاویندا لە سەربان دەخەوت و شەوانە چاوی دەبڕییە ئاسمان و دیمەنی ئەستێرە و نەیزەکە ئاگرینەکان و نهێنییەکانی ئاسمان سەرسامیان دەکرد.

ساڵی ٢٠١٧ هۆگربوونی بە گەردوونەوە پاڵی پێوەنا یەکەمین تێلێسکۆپ لە ئەمازۆن بکڕێت، کە مۆدێلێکی سادەی منداڵان بوو، چونکە لەو کاتەدا هەر ئەوەی پێ دەکڕدرا.

تێلێسکۆپەکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەستی بەسەردا گیرا و بەسێ مانگ توانی ڕەزامەندیی ئاسایش بۆ وەرگرتنەوەی بەدەست بێنێت. هەر کە بەدەستی هێنایەوە دەستی کرد بە وێنەگرتنی مانگ و هەر زوو سەرنجی دا کە خەڵک چەندە نرخاندنیان بۆ کارەکەی هەیە.

سەرەتای ساڵی ڕابردوو بوو ئاژانسی ناسا پەیوەندی پێوە کرد و دەیانویست یەکێک لەو وێنانەی مانگ کە ئەو گرتبوونی وەک وێنەی گەردوونیی ڕۆژ لەژێر ناونیشانی"Moon Enhanced" بڵاو بکەنەوە.

دەریا دەڵێ ئەوە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو.

هەروەها ئاشکرای کرد مەبەستی ناسا لەو پەیوەندیکردنە ئەوە بوو دەیانویست وردەکاری و زانیاریی زیاتریان سەبارەت بە وێنەکە دەست بکەوێ، پێش ئەوەی بڵاوی بکەنەوە.

دوای ئەم گرنگی پێدانەی ناسا، وێنەگرێکی تری ئاسمانیی کورد بەناوی دکتۆر حەسەن بەگزادە پەیوەندی بە دەریاوە کرد و کامێرا و تێلێسکۆپێکی پێشکەوتوویی بەدیاری پێ بەخشی و داوای لێ کرد درێژە بە خولیاکەی بدات.

دارا پێزانینی خۆی بۆ دکتۆر حەسەن دەربڕی و دەڵێ «پشتگیرییەکەی د.حەسەن مەزن بوو؛ تەکانێکی گەورە بوو بۆ من». ئێستا دەریا هەوڵ دەدات لە ڕێی گرتنی ڕوونترین وێنەی خۆرەوە ئاسۆکانی فراوان بکات.

# گەشبینی بە کاتی گەنجە بۆیاغچییەکە

**ڕێبەند سەعدوڵا**

یەکێک لە قەرەباڵغترین شەقامەکانی ناوەندی شارە، دەنگی پێی هەنگاوە بەپەلەکانی هەزاران ڕێبوار لەبەردەمیدا تێکەڵ بە دەنگی ماشێنی ئۆتۆمبێلەکانی پشت کورسیە بچوکەکەی دەبن، پێڵاوێک بە دەستی چەپی و فڵچەیەکی کۆنیش بە دەستی ڕاستیەوەیە، بەدەم بریقەدارکردنی ڕووی ڕەش و قاوەییەوە، زەردەخەنەیەکی نەرم لەسەر ڕووخسارە تۆزاوییەکەیدا دەبینی، ماندوونەناسانە خەریکە ڕۆح بەبەر گیانی ئەو پێڵاوە کۆنانەدا دەکاتەوە.

لە جیهانێکدا کە میهرەبانی کەمتر دەردەکەوێ، هیوا ساڵحی بۆیاغچی لەسەر شەقامی باتەی هەولێر ڕۆژانە بە ڕووی خۆشەوە گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبواران دەکات، ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، تروسکایی هیوا بە دەوروبەری دەبەخشێتەوە.

ماوەی شەش ساڵە خەریکی بۆیاغچیەتییە و پێشتر لە چەند دوکانێک وەک شاگرد کاری کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا لە بەرانبەر گەس و فەلافلی کۆکتێلی شەقامی باتەی ناو بازاڕی هەولێر گیرساوەتەوە، هیوا کە ئێستا تەمەنی ٣٣ ساڵە و بەری هەشت ساڵان ژنی هێناوە، دەڵێ "دڵخۆشم بە کارەکەم و ئەو دەوروبەرە هەموویان هاوڕێمن".

هیوا ساڵح کە خێزانەکەی ژنی ماڵەوەیە و لە دارەتوو دەژین، دەڵێ ئەمساڵ توانیویەتی بە ڕەنجی شانی خۆی خانوو بکرێت.

هەروەها بە خۆشیەوە باسی کاری ڕۆژانەی دەکات کە لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆوە دەست پێ دەکا، دەوروبەری حەفتی ئێوارە دەست هەڵدەگرێ، هەر جووتە پێڵاوێک بە هەزار دینار بۆیاغ دەکا، هیوا نهێنیی کارەکەی دەدرکێنێ کە بریتیە لە گفتولفتی خۆش و ڕێزگرتن لە کڕیارەکانی، نایشارێتەوە کە زۆربەی کڕیارەکانی دووبارەن و ئەوانەی




سەردانی دەکەن دەبن بە هاوڕێ و بە شێوەی بەردەوام سەردانی دەکەن و پێڵاوەکانیان لەلای بۆیاغ دەکەن.

ئەو پیاوە کاسبکارە لە کاتی نیوەڕۆدا چەترێک هەڵدەدات تا خۆی لە تیشکی گەرمی خۆر بپارێزێت و دەڵێ "لە خوا بەزیاد بێت گەرمام نابێ".

بنەماڵەی هیوا هەموویان خەریکی کاسبیین، حەفت برای هەن لەگەڵ سێ خوشک، دوو لە براکانی لە بازاڕی تەیراوە دوکاندارن، برایەکی تری جلوبەرگ دەفرۆشێ و برایەکیشی ئازووقە دەفرۆشێ، هەروەها برایەکی تری چێشتخانەی هەیە.

هیوا دەڵێ خاوەن دوکانەکانی لەبەردەمیان دانیشتووە، داوای پارەی لێ ناکەن و هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەکردووە، بە پێچەوانەوە هاوکاریشی دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆژانە بە ڕێکوپێکی کاسبیی خۆی بکات.

لەبارەی شێوازی پێڵاو بۆیاغکردنەوە کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێ، هیوا دەڵێ "خەڕکی هەولێرێ عادەتیان نییە پێ لەسەر مێز دابنێن هەتا پێڵاویان لۆ بۆیاغ بکەین، ئەگەر یەکی ناشارەزاش ئەوها بکات، جۆتە نەعلەکی پێشان دەدەم هەتا پێڵاوەکەی دابکەنی و ئیشەکەی لۆ بکەم"، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەگەر بمرێ لە برسا پێڵاو لە پێی کەسدا بۆیاغ ناکات، وەک ئەوەی لە شار و وڵاتانی تردا باوە.

دوای شەش ساڵ لە پێڵاو بۆیاغکردن، ئێستا هیوا شارەزاییەکی باشی پەیدا کردووە و دەڵێ ڕۆنی چینی و ڕەنگی ئەڵکانی تورکی لە کارەکەیدا بەکار دێنێت، لە ڕێگەی دەستەوانەیەکیشەوە پێستی دەستی دەپارێزێ، دەڵێ هیچ کات تووشی نەخۆشیی پێست نەبووە بەهۆی بۆیاغەوە، تەنها کە دەستی بەو ئیشەی کرد چەند ڕۆژێک شانەکانی ئازاریان هەبووە.

# کوردێکی دەرسیم دۆنەری ئەورووپا دابین دەکات

**ئۆسمان مەمەد**

ئەو کاتەی لە تەمەنی گەنجیدا لە شاری دێرسیمی باکووری کوردستانەوە وەک پەنابەر ڕووی لە ئەڵمانیا کرد، چەندین ئاوات و ئامانجی گەورەی هەبوو، دوای ساڵانێکی درێژ، گەیشتە شوێنی مەبەست و ئێستا بەرەو جیهانیبوون هەنگاو دەنێت.

مستەفا ڕۆدی دێمیرکورێک، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەلزارۆ دۆنەر وۆرڵد لە ئەڵمانیا، کە براندێکی کوردییە، دوای دوو دەیە کارکردن و هەوڵدان لە بواری پێشخستنی پیشەکەی کە دۆنەر کەبابە، ئامانجەکەی هێنایە دی و دۆنەرەکەی مارکێتەکانی ئەڵمانیا، سویسرا و نەمسای تەنیوە، هەوڵی بەردەوامیش دەدات بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بگەیەنێتە تەواوی وڵاتانی جیهان.

دێمیرکورێک لەبارەی کارەکەیەوە قسە بۆ (گلکەند) دەکات و ئاماژە بەوە دەدات چیرۆکی براندەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٦ ساڵ لەمەوبەر کاتێک دەستی بە هەوڵدان کرد بۆ پەرەپێدانی جۆرێکی تایبەتی دۆنەر و بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیاکەی گەڵاڵە کرد وەک براندێکی نوێ لە پیشەسازیی دۆنەردا، تا چوار ساڵ لەمەوبەر توانی کۆمپانیاکە و براندە نوێیەکەی رابگەیەنێت.

ئەو لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە کار لەسەر بیرۆکەکەی دەکات، دوای چەند ساڵێک و بە تاقیکردنەوە لە تاقیگەکانی مایکرۆبایۆلۆجی، گەیشتە دروستکردنی ئەو بەرهەمە و لە ساڵی ٢٠١٧ش دەستی بە کارەکانی دروستکردنی کۆمپانیای ئەلزارۆ دۆنەر کرد.

مستەفا لە گوندی گۆزگیکس لە شاری دێرسیم لەدایک بووە، ساڵی ١٩٩٤ وەک پەنابەر رووی لە ئەڵمانیا کرد و ساڵی ١٩٩٥ چووە ناو کار و پیشەسازیی خواردنی



دۆنەر، ئەو بەر لەوەی کۆمپانیاکەی دروست بکات، لە چەند ناوچەیەکی ئەڵمانیا دوکان و چێشتخانەی تایبەت بە خۆی هەبووە.

لە سەرەتای هەوڵەکانیدا، دێمیرکورێک بیری لەوە کردووەتەوە کە داهێنان لە دۆنەر و کەبابدا بکات، کە لە ئەڵمانیا و ئەورووپا خواستێکی زۆریان لەسەرە، چونکە ئەورووپا بەرەو خواردنی ئامادەکراو و نمایشکراو لە مارکێتەکان دەڕوات، بۆیە هەوڵی دا براندێکی نوێی خواردن دابمەزرێنێ و بیخاتە بازاڕەوە.

کۆمپانیاکەی دێمیرکورێک کۆگای خواردنی نییە، بەڵکو دۆنەرە ئامادەکراوەکان بە شێوەی راستەوخۆ بۆ بازاڕەکانی وڵاتان دەنێرێت. ئەو رۆبۆتانەش کە لە کارگەکانی کۆمپانیای ئەلزارۆ دۆنەر کەباب دێنە بەکارهێنان، لە وڵاتانی ژاپۆن، سویسرا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، تورکیا، دانیمارک و فەرەنسا دروست کراون و تایبەتن بە بەرهەمهێنانی براندەکەی دێمیرکورێک.

ئێستا بە شێوەی ڕۆژانە کۆمپانیای ئەلزارۆ ١٠ تا ١٥ هەزار دۆنەر بەپێی خواست، بۆ زنجیرە مارکێتەکان بەرهەم دەهێنێت، بەڵام کارگەکانی کۆمپانیاکە توانایان هەیە لە یەک ڕۆژدا ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ هەزار دۆنەر بەرهەم بهێنن.

دێمیرکورێک بۆ یەکەم جار بەرهەمەکانی لەمساڵدا لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتیی پێشکەش کرد و بەم هۆیەشەوە ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد و سەرنجی خەڵک و میدیاکانی بەلای خۆیدا راکێشا.

## کورد لە فیلمی زەوییە بچووکەکەی ژاپۆن

# من خەڵکی کوێم؟



وێنە: دیمەنێک لە فیلمەکە

تەڵا ڕۆستەمی

دەمێکە حەزم لە سینەمای ژاپۆنییە، تووشی سەرسورمانیش بووم کاتێک زانیم ڕەوەندێکی گەورەی کورد لە پارێزگای سایتامای باکووری تۆکیۆدا دەژین و ئەو ڕەوەندە لانیکەم بووەتە بابەتی دوو فیلیمی ژاپۆنی، کە درامایەک و بەڵگەنامەییەکن.

کاتێک لە پشووی کۆتایی هەفتەدا بەدوای فیلمێکی خۆشی ژاپۆنیدا دەگەڕام تەماشای بکەم؛ سەرم سوڕما کاتێک فیلمی «زەوییە بچووکەکەم My Small Land»م دۆزییەوە، کە فیلمێکی ساڵی ٢٠٢٢ی ژاپۆنییە و باسی پەنابەرانی کورد دەکات لە ژاپۆن.

فیلمەکە لە دەرهێنانی (ئێما کاواوادا)یە و باسی ژیانی خێزانێکی کورد دەکات کە داوای مافی پەنابەری دەکەن.

پاڵەوانی فیلمەکە کچی گەورەی خێزانەکەیە بەناوی ساریا، گەشبینانە پلانی بۆ ئایندەی خۆی لە تۆکیۆ داناوە کە ببێتە مامۆستا، بەڵام داواکاریی خێزانەکەی بۆ وەرگرتنی پەنابەری ڕەت دەکرێتەوە و ژیانیان ژێراوژوور دەکات. کاتێک دۆخی خێزانەکەیان دەگۆڕێ ئیدی دەبێت ڕووبەڕووی دۆخی سەختی ژیان لە ژاپۆن ببنەوە و تێبکۆشن، نە تەنها بۆ دابینکردنی بژێوی، بەڵکو بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کولتووریشیان.

پاش خوێندنەوەی کورتەیەک لەبارەی فیلمەکە زۆر بەگومان بووم بەشێوەیەک بەدووای زانیاریی زیاتردا گەڕام تا بۆم ساغ ببێتەوە باسی کورد دەکات. لەڕاستیدا من قەت ئەوەم بەخەیاڵدا نەهاتووە کورد لە ژاپۆن داوای پەنابەری بکەن، ئەویش لەبەر دووری و سیستمی کۆچ لە ژاپۆن. لەگەڵ ئەوەیشدا، فیلمەکە بیرکردنەوەی گۆڕیم و بیرۆکەی زیاتری لەبارەی کۆچبەران و پەناخوازن لە ژاپۆن پێدام، کە یەکێکە لە وڵاتانەی خۆشم دەوێت.

### زمان و کولتوور

فیلمی «زەوییە بچوکەکەم» زۆر خۆش و شیاوی بینین بوو، چونکە دەرفەتی بۆ ڕەخساندم لە هەندێ لە ترس–و ڕەنگە حەزەکانم– سەبارەت بە کوردبوون لەسەر شاشە رابمێنم. هاوکات لە فیلمەکەدا هەندێ وێنا بۆ کولتووری کوردی کرابوون کە بەدڵم نەبوون.

بۆ نموونە هەندێ دیمەنی تێدایە لە راستەقینە ناچن، لانیکەم بەگوێرەی ئەزموونی خۆم وەک کوردێک. یەکەم شت پێم سەیر بوو بۆچی بە تورکی قسە دەکەن. لەکاتێکدا باوکەکە هەوڵی دەدا منداڵە بچووکەکە فێری کوردی بکات، منداڵە گەورەکە نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکات و هەردووکیان بۆ گفتوگۆی ڕۆژانە بەتورکی پێکەوە قسە دەکەن. پێدەچێت دەرهێنەر ویستبێتی ئەوە زەق بکاتەوە کە کوردەکان لە تورکیا ڕێگەیان پێ نادرێت لە قوتابخانە فێری کوردی ببن و خێزانەکان ناچارن لەباتی ئەوە بەتورکی قسە بکەن.

من کوردی کوردستانی ئێرانم، کە لە قوتابخانە زمانی فارسی فێر دەکراین، بەڵام زۆر کورد و تورک و عەرەب و کەمینە زمانەکانی تر لانیکەم دوو زمان دەزانن. لەبەرئەوە وەک ئەندامی نەوەیەک کە لەماڵەوە بە کوردی قسەیان کردووە و لە قوتابخانە فێری فارسی بوون؛ باوەڕم وایە بڕیار بەدەست باوک و دایکانە کە ئاخۆ زمانی ڕەسەنی خۆیان فێری منداڵەکانیان دەکەن، یان زمانە ڕەسمییەکە.

ڕەنگە هەندێ کەس باوەڕیان وابێت ئەوە کار لە توانای ئەکادیمیی ئەو منداڵانە دەکات، بەڵام من وای بەچاک دەزانم نەوەی نوێ لە ماڵەوە زمانی کوردی فێر ببن و وەک زمانی یەکەمیان قبووڵی بکەن. زمان زۆر گرنگترە بۆ نموونە لەوەی پێی دەوترێت نەریتی نزاکردن پێش نانخواردن لای کورد، کە لە فیلمەکەدا باوکەکە پێداگری لەسەر ئەنجامدانی دەکات و تەنانەت لەسەر گومانکردنی لەو نەریتە زللـەیەک لە کچەکەی دەدات.

پێدەچێت پێداگریی باوکەکە لەسەر نزاکردن پێش هەر ژەمێک زیاتر لاساییکردنەوەی نەریتی (ئیتاداکیماسو Itadakimasu)ی ژاپۆنییەکان بێت –کە دەستەواژەیەکی ژاپۆنییە بۆ دەربڕینی ڕێز و پێزانین پێش نانخواردن بەکار دێت– تا ئەوەی بەشێک بێت لە کولتووری کوردی.

### خەیاڵی بوون بە هاووڵاتیی جیهانی

بەدەر لەم نیگەرانییانە؛ هەندێ هۆیتریش هەن وایان کردووە فیلمی My Small Land بەلای منەوە هێندە کاریگەر و پەیوەندار بێت، هەندێ ئەزموونی کارەکتەرەکان لەناو پەنابەران یاخود کەمینە پاشخان جیاوازەکاندا باون، هەندێ ئەزموونیتر زیاتر تایبەتن بە نەتەوە بێدەوڵەتەکان.

یەکێک لە ساتە هەژێنەرەکان ئەوەیە کاتێک پرسیار لە ساریا دەکرێ: «خەڵکی کوێیت؟». ئەمە ئەو پرسیارەیە هیچ کەسێکی پاشخان ئاڵۆزی وەک کورد نییە حەز بکات لێی بێتە پرسین. منیش، وەک ساریا، بەگوێرەی دۆخەکە بەشێوەی جیاواز وەڵامم داوەتەوە. هەندێکیان شێوەزارە کوردییەکەم دەناسنەوە و هەندێکیتریان نایناسنەوە. لەو حاڵەتانەدا، خۆم وەک جیلاک، ئەرمەنی یان کوردی عێراق دەناسێنم.

بۆ ساریا و خێزانەکەی وەڵامی ئەم پرسیارە ماف و توانای بەرنامەدانان بۆ ئایندەیان دیاری دەکات. ساریا هەموو توانای خۆی بۆ خۆگونجاندن و بەدەستهێنانی دانپێدانان دەخاتە کار، کەچی هێشتا هەر دوور دەخرێتەوە. کاتێک هاوار دەکات «من خەڵکی کوێم؟» زیاتر گوزارە لە نیگەرانیی گەورەی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە هەوڵ بۆ دانپێدانان و هەستکردن بە ئینتیما دەدەن، تا گوزارەکردن لە هەستکردن بە دوورخرانەوە یان ڕەنگە نێوانێتی.


گفتوگۆیەکی پڕ مانا لەنێوان ساریا و هاوڕێ قوتابییە ژاپۆنییەکەی، بەناوی سۆتادا هەیە، تێیدا ساریا ڕوونی دەکاتەوە بۆچی درۆی کردووە کاتێک خۆی بەئەڵمانی ناساندووە و هەوڵ دەدات پێی بڵێت ئەو خەڵکی کوێیە:

من خەڵکی کوردستانم، بەڵام دڵنیام تۆ نازانیت کوردستان لەکوێیە

کوردستان؟ بەڕاستی نازانم
کەس نازانێت
ئایا قەت چوویت بۆ مۆندیال؟
نەخێر، ئێمە ناتوانین بەشداری بکەین
دیارە تیپەکەت باش نییە
نەخێر، بابەتەکە ئەوە نییە.

ئەم دۆخە بەلای گەلانی بێ دەوڵەتەوە شتێکی ئاشنایە. کاتێک لێت دەپرسن: خەڵکی کوێیت، دەتەوێت بڵێیت –بۆ نموونە– «کوردستان» بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک، بەڵام ئەوە ناکرێت. وەک ئەندامی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کاتێک بەناوی نەتەوەکەتەوە خۆت دەناسێنیت زۆر جار دەبێت ناوی وڵاتەکەیشت ببەیت، ئەگینا ڕەنگە نەناسرێیت. ئەمە دڵشکێنە بەتایبەت بۆ ئەوانەی بۆ ئازادی دەکۆشن.

بەڕاشکاوی بڵێم، من حەز دەکەم گەشبین بم و وێنای جیهانێک بکەم تێیدا بتوانیت هاوڵاتییەکی جیهانی بیت، کە تێیدا بەربەستەکان هەڵدەگیرێن و خەڵک لەبەر جیاوازبوونیان قبووڵ بکرێن، نەک دووربخرێنەوە.



نووری بێخاڵی

## ”تارکۆڤسکی لە نێو هەمووماندا گەورەترینە“

ڕۆژانەش نەبێت، دوو ڕۆژ و ئەوپەڕی سێ ڕۆژ جارێک، کات بۆ سەیرکردنی فیلمێک تەرخان دەکەم. ئەو فیلمانەی بە بایەخدان بە سروشت و ژینگە، بە ڕیتمی هێواش و ڕامانگەر، هەر چاوەکانم نا، بەڵکوو گوێچکەکانم، لووتم، زەین و خەیاڵم لەگەڵ خۆیان دەبەن و هەر پێنج هەستەوەرەکەم کۆنترۆڵ دەکەن.

فیلمگەلێک کە بە تەنیا نایانبینیت، بەڵکوو دەتدوێنن و دەیانبیستیت، بۆنیان دەکەیت و مەستت دەکەن. لەناو جوانییەکانی گێڕانەوەدا، نوقمت دەکەن و تەلیسمی دیمەن و دیالۆگەکانیان، تێما و ئاماژەکانیان، چاوی زەین و خەیاڵت دەبەن.

ئەوانەی لە میانی هارمۆنیای نێوان دەنگ و ڕەنگ، ڕووناکی و سێبەر، میوزیک و جووڵەکانی کامێرا، لەجێی خۆت دەتگوازنەوە و دەتکەنە بەشێک لە دنیای خۆیان. کە چیرۆکی مرۆڤ، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە دەگێڕنەوە و لە ڕێگای ئەو ئاشتییە ڕۆحییەی پێت دەبەخشن، ناچار بەوەت دەکەن لەگەڵ خۆت ئاشت ببیتەوە.

ئەو فیلمانەی هەموو هەست و هەڵچوونەکانی مرۆڤ، لە میانی گرتەی درێژ، بە زمانێکی شیعری و تەکنیکێکی بەرز دەگێڕنەوە و چاوەڕوانی و پێشبینییەکانت بۆ زنجیرە و کۆتایی ڕووداوەکان، سەرەوژێر و پێچەوانە دەکەنەوە و تووشی دۆشدامانت دەکەن.

ئەوانەی کە دیالۆگەکانیان بێ زێدەڕۆیی و ڕتووش، خۆزا و سروشتی و بە ڕیتمێکی نەرم و نیان ڕێ دەکەن و بیرۆکەکان لە نێوان بوون و چارەنووس، مێژوو و داهاتوو، ئەفسانە و زانست، ئایین و ئایدیۆلۆژیا، ڕۆحانیەت و میتافیزیک، فیکر و فەلسەفە و کۆی بوارەکانی دیکەی ژیاندا دێن و دەچن.

فیلمگەلێک کە پەرۆشیی، خۆشەویستی، عیشق و شەیدایی دەرهێنەرەکانیان لە بچووکترین وردەکارییە هونەرییەکان و بەرهەمهێنانیاندا ڕەنگ دەداتەوە. کە ڕەنگ و ڕووخسار و ڕۆحی دەرهێنەر لە هەموو وردەکارییەکانیاندا، ڕەنگ دەداتەوە و بە بینینیان؛ هەست بە ڕۆحی دەرهێنەر دەکەیت لە تەنیشتت دانیشتووە، ڕۆحێک کە جێپەنجەی لەسەرخۆ و هێمن، بەڵام قووڵ قووڵ، لە یادەوەریدا هەڵدەکۆڵێت.

زۆر نین ئەو دەرهێنەرانەی بە کارەکانیان ئاوا منیان کەمەندکێش کردووە و دەکەن، بۆ نموونە (بێلا تار، تیۆ ئەنگێلۆپۆلۆس، کارلۆس ڕەیگاداس و بەی ونگ وای)، بەڵام لەناو هەموو ئەوانەدا، لای من (تارکۆڤسکی) لە لووتکەدایە.

ئەو (تارکۆڤسکی)یەی کە دەرهێنەری گەورە و ناوداری سینەمایی (ئینگمار بێرگمان)ی سویدی، لەبارەیەوە دەڵێت: «تارکۆڤسکی لە نێو هەمووماندا گەورەترینە، ئەو کەسەی زمانێکی نوێی وای داهێنا کە لەگەڵ سروشتی سینەمادا دەگونجێت، زمانێک کە ژیان وەک ڕەنگدانەوە و خەونێک وەردەگرێت.»

## یەکەم یاریی تەختەیی کوردستانی دروست کرا

# خەونی سواربوونی شەمەندەفەرێك

محەمەد دەرگەڵەیی

هێڵی ئاسنی کوردستان یارییەکی تەختەیی ستراتیژیی پێنج یاریزانییە، هاوشێوەی یاریی مۆنۆپۆڵی Monopoly، لەلایەن ئالان سەڵاحەوە دروست کراوە، کە خاوەنکارێکی لاوی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە.

یارییەکە نەخشەی کوردستان دەنوێنێ کە ناوی سەرجەم شارە گەورەکانی لەخۆ گرتووە، ئامانج لێی ئاشناکردنی نەوەی نوێ و بیانییەکانە بە کوردستان، چونکە نەوەی نوێ لەو ڕووەوە شێوەژیانی جیاوازیان هەیە، ڕەنگە زۆر لەبارەی نەتەوە و وڵاتەکەیانەوە نەزانن، هەر بۆیە گەیاندنی زانیاریی لەڕێی ئەو یارییەوە دەکرێت سەرنجڕاکێشتر بێت.

یارییەکە دەتوانێ زانیاریی بە نرخ بخاتە بەردەست و یارمەتیی بیانییەکان بدات بەئاسانی شارەزای کوردستان بن. لە کاتێکدا زۆر وڵات ڤێرژنی خۆیان لەم جۆرە یارییانەدا هەیە، بەڵام چیرۆکی پشت هێڵی ئاسنی کوردستان چیرۆکێکی تاکانەیە.

سەڵاح ساڵی ١٩٨٨ لە شاری حەلەبی سووریا لەدایک بووە، لە دیمەشق ژیاوە و کوڕی نووسەر و سیاسەتمەدارێکی کوردە و لەمبارەیەوە دەڵێ باوکی خەڵکی بەرواری باڵایە لە هەرێمی کوردستان، دایکیشی خەڵکی عەفرینە لە ڕۆژئاوای کوردستان (باکووری سووریا). بەڵام ڕەگوڕیشەی خێزانەکەی بۆ جەلەولای سەر بە پارێزگەی دیالە لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. باپیری لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧دا لە جەلەولا ناوی تۆمار کردووە کە ئەو کاتە لە ریزەکانی سوپای شاهانەی عێراقدا خزمەتی کردووە، لەبەرئەوە لە ناسنامەکەیشیدا نووسراوە کە ئەوان خەڵکی جەلەولان. پاشتر باوکی بۆ خوێندن چووەتە مووسڵ، بەڵام لەوێ داوای لێ کراوە ببێتە بەعسی تا بتوانێت لە خوێندن بەردەوام بێت؛ ئەویش ڕەتی کردۆتەوە، لەباتیی ئەوە پەیوەندی بەهێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە لە بادینان. چووە بۆ ئێران و پاشان بۆ سووریا و لەوێ دایکی سەڵاحی مارە کردووە. سەلاح بۆمان دەگێڕێتەوە: «ئێمە لە سووریا ماینەوە تا ڕووخانی سەدام حوسێن، ئەوکاتە گەڕاینەوە بۆ هەرێمی کوردستان». کاتێک لە سووریا بوو لە دیمەشق کۆلێژی ئەندازیاریی تەلارسازی تەواو کرد.

سەڵاح ئێستا کۆمپانیایەکی دیزاینکردنی لە هەولێر هەیە. زۆر جار سەختترین پرسیار ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە ئەو خەڵکی کوێیە «ئەم قەیرانی ناسنامەیە پاڵی پێوە ناوم کار لەسەر ناسنامەی کوردستان بکەم، لەو ڕووەوە وردەکارییەکانی ژیانمی تێدایە و بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارە قورسە بداتەوە«.

### ڕاهێنانەکان، یارییەکان و ستراتیژ

خۆشەویستیی سەڵاح بۆ یاری تەختەیی (بۆرد گەیمز) بە منداڵی، بزوێنەری بووە بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسنی کوردستان، دەڵێ: «هەمیشە باوەڕم وا بوو پێویستە کوردستان ئەم جۆرە یارییەی هەبێت، چونکە مێشک فراوان دەکات و دەرفەتی فێربوون دەرەخسێنێت. من چەند هاوڕێیەکی بیانیم هەیە کە یاریی هاوشێوەیان پیشان داوم کە هەر وڵاتێک ڤێرژنی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمە هانی دام منیش دانەیەک بۆ کوردستان دروست بکەم".

هەروەها خۆشەویستی سەڵاح بۆ سواربوونی شەمەندەفەر لە منداڵیدا دیسان ئیلهامبەخش بووە بۆی و دەڵێ: «لە سووریا، لە دیمەشقەوە بە چوار کاتژمێر دەگەیتە حەلەب، بەڵام بە شەمەندەفەر بە حەوت کاتژمێر. لەبەرئەوەی سواربوونی شەمەندەفەر بەلامەوە خۆش و بەچێژ بوو هەمیشە بە شەمەندەفەر سەفەرم دەکرد و خەونم بەو ڕۆژەوە دەبینی سواری شەمەندەفەرێک ببم لە عەفرینەوە بۆ زاخۆ یان هەر بەشێکی کوردستان و زەیتوونی عەفرین بۆ مامەکانم بێنم لە دهۆک و سێوی بەناوبانگی بادینانیش ببەمەوە بۆ عەفرین».

هێڵی ئاسنی کوردستان وێنای هێڵێکی ئاسن دەکات کە شارەکانی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێت و یارمەتیی یاریزانان دەدات شارەزای ئەو سنوورە جوگرافییانە ببن کە لە ڕووی دیمۆگرافییەوە بە خاکی کوردی دادەنرێن. ڕوونی کردەوە «کاتێک مۆنۆپۆڵیم بینی و بڕیارم دا ڤێرژنێکی کوردی دروست بکەم، پێم وا بوو ئەوە باشترین ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی خەونەکەم بۆ گەشتکردن بەشەمەندەفەر بە سەرتاسەری کوردستاندا».

ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ کەس قسەیان لەسەر وردیی نەخشەی یارییەکە هەبێت، بەڵام لە دیاریکردنیدا سوودی لە نەخشەیەک وەرگرتووە کە ساڵی ٢٠١٢ پەیمانگەی توێژینەوە کوردییەکان لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە و پشت بە توێژینەوە و سەرچاوە مێژووییەکان دەبەستێت. نەخشەکە سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەتێکی پێشنیارکراو پیشان نادات و مەبەستی نییە برەو بە هیچ بیرۆکەیەکی جوداخوازانە بدات، بەڵکو مەبەست تەنها فێرکردن و کات بەسەربردنە.




بۆ دروستکردنی ئەم گەمەیە نزیکەی سێ ساڵی پێ چووە، ئەگەرچی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شەش مانگی خایاندووە. سەڵاح بە نەخشەکە دەستی پێ کرد و دەیزانی تەنانەت هەڵەیەکی بچووکیش دەکرێت پرۆژەکە تێکبدات.

هەموو کەسێکی سەروو تەمەن هەشت ساڵ دەتوانێت گەمەکە بکات و لێی تێبگات. وەک گەمەیەکی ستراتیژی بۆ پێنج یاریزان، پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە. یاریزانەکان بە تەواوکردنی پلیتەکانیان و دروستکردنی درێژترین ڕێڕەو و بلۆککردنی ڕکابەرەکانیان دەیبەنەوە. ماوەی یارییەکە لە نێوان ٣٠ بۆ ٩٠ خولەک دایە و پشت بە کارامەیی و ئەزموونی یاریزان دەبەستێت؛ هەمیشە ئەو یاریزانانەی ئەزموونیان زیاترە خێراتر تەواوی دەکەن.

یارییەکە دوو جۆر کارتی تێدایە: درێژمەودا و کورت مەودا و بە کارتەکانی شەمەندەفەرەکەدا دەزانرێت یاریزانەکە لە چ شارێکەوە گەشت دەکات. ڕێگەکانی هێڵی ئاسن ڕەنگاوڕەنگن و کارتەکان هەڵگری هەندێ ڕەگەزی کوردیی تایبەتن، وەک جۆرەکانی جلوبەرگی کوردەواری و سیمبوڵەکانی کولتووری کوردی.

### پاراستنی «هەبوون»

هێڵی ئاسنی کوردستان یەکەمین یاریی تەختەیی کوردییە کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە، بەڵام سەڵاح بەڵێنی داوە کە بۆ مەبەستی سیاسی بەکار نەهێنرێت. پاکێجی یارییەکە بەڕوونی دەڵێت کە پەیوەندی بەهیچ پارتێکی سیاسییەوە نییە و تەنها بۆ فێربوون و کات بەسەربردنە.

ئەمڕۆ گەنجان لە هەندێ لە کافتریاکانی هەولێر ئەم یارییە دەکەن و چێژی لێ وەردەگرن و لە زۆربەی کتێبخانەکان دەست دەکەوێت. نیوەی کڕیارانی بەرهەمەکەی سەڵاح کوردن و نیوەکەی تر ئەو بیانییانەن لە کوردستان دەژین. یارییەکە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و سویسرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دەفرۆشرێت.

سەڵام باسی لەوە کرد ئەو کوردانەی لە وڵاتانی تر لەدایک بوون سوود لەم یارییە وەردەگرن و یارمەتییان دەدات بە ناسنامە و نیشتمانی خۆیان ئاشنا ببن. یارییەکە بە زمانی کوردی و بەپیتی لاتینی نووسراوە، بەوەیش بۆ کورد و ناکوردیش بەردەست دەبێت. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوەیە ناسنامەی کوردستان، دوور لە سیاسەت و جەنگ، بەجیهان بناسێنێت.

بۆ ئەوانەی یەکەم جاریانە دەیکڕن نامیلکەی فێرکاری بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی هەیە، هەروەها کۆدێکی وەڵامدانەوەی خێرا QR لەسەر بۆکسەکە هەیە ڕێنماییان دەکات بۆ دەستگەیشتن بە فێرکارییەکانی ئۆنلاین.

کاردانەوەی ئەوانەی یارییەکەیان کردووە زۆر ئەرێنی بوو، بەتایبەت بیانییەکان کە فێری ئەلفبێی لاتینی کوردی بوون، کە لە ڕێی یارییەکەوە نەخشەی کوردستانیان دیوە و ناوی شارە کوردییەکان فێر بوون.

ئەم یارییە بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتری سەڵاح بەناوی «هەبوون»، کە پرۆژەی چەند یارییەکی تری تێدایە. سەڵاح وتی «ئێمە وەک کورد ڕووبەڕووی هەڕەشە لەسەر بوونمان دەبینەوە، لەبەرئەوە دەمەوێت پرۆژەکانم ڕەنگدانەوەی ناسنامەکەمان بێت. جگە لە هێڵی ئاسنی کوردستان من کار لەسەر چوار یاری تر دەکەم. دووەم پرۆژەم یارییەکی کاغەزییە بەناوی ئەفسانەی نەورۆز، بەڵام بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێم بۆی، چونکە دروستکردنی پرۆژەکە بودجەیەکی گەورەی دەوێت. پرۆژەی یەکەمم لەسەر ئەرکی خۆم ئامادە کرد و ٥٠٠ دانەم لێ چاپ کرد».




وێنەکان: محەمەد دەرگەڵەیی

## لە هەولێر موسڵمان و جووەکان ژنخوازیان کردووە

# ”بەشێکی تەوڕات لە هەولێر دابەزیوە“


وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

**هەژار مەجید**

گ ئەگەرچی لە سەردەمی نوێدا بە هۆکاری سیاسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی نێوان بڕوادارانی ئایینە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام هەولێر هەمیشە بە شاری پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ماوەتەوە، ئایینی جوو یەکێکە لەو ئایینانەی مێژووەکی زۆر کۆنی هەیە لە هەولێر و پێکهاتەیەکی سەرەکیی شارەکە بوون.

بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧ لە شاری هەولێر سێ هەزار و ١٠٩ باوەڕداری جوو هەبوون، کە بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی ئەو کاتەی هەولێر ژمارەی جووەکان بە کەمینە نازانرێت، ئەو کاتە یوسف ساڵح سەرۆکی جووەکانی هەولێر بووە.

ڕەنجدەر کۆهین سەرۆکی ڕێکخراوی جووەکانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند)، باسی مێژووی جووەکانی شاری هەولێر دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە جووەکان چەندین کەسایەتیی کاریگەرییان هەبووە و ڕۆڵی باڵایان بینیوە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو سەردەمە.

تا بەر لە ٧٥ ساڵیش جووەکان لە هەولێر مابوون و سرووتی خۆیان ئەنجام دەدا، بە گوتەی ڕەنجدەر لە سنووری هەولێر سێ سیناگۆک (پەرستگای جوو) هەبوون، یەکێکیان لەسەر قەڵات بووە و دووەکەی تر لە گەڕەکی تەعجیل بوون، هەروەها جووەکان لە هەموو بوارەکانی ژیان لە شاری هەولێر ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە، بۆ نموونە لە بواری بازرگانی و زێڕینگری و هونەری، بە گشتییش جووەکان شوێنی پەنجەیان لە ژیانی هەولێرییەکان دیار بووە.

سەبارەت بە سەرەتای هاتنی جووەکانیش بۆ خاکی کوردستان و هەولێر بە تایبەتی، ڕەنجدەر پێی وایە جووەکان چەند سەد ساڵێک بەر لە لەدایکبوونی مەسیح لە خاکی کەنعانەوە هاتوونەتە میزۆپۆتامیا و کوردستان و هەولێر، هۆکاری هاتنەکەشیان دەربازبوون بووە لە ژێر زوڵم و ستەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمەکان و یۆنانییەکان.

لەبارەی شوێنە پیرۆز و مەزارگەکانی تایبەت بە جووەکانیش لە هەولێر، ڕەنجدەر کۆهین ئاماژەی بەوە کرد کە لە هەرێمی کوردستان چەندین پێغەمبەری جوو هەبوون، وەکو عوزێر پێغەمبەر کە ناوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و مەزارەکەی لە شاری هەولێرە، جیا لەوەش بەشێک لە تەوڕات لە کوردستان بۆ پێغەمبەر ناهۆم دابەزیوە.

هەروەها باسی ڕۆڵی تاکە ژنی هاخام دەکات لە مێژووی ئایینی جوو کە لە کوردستان بووە و دەڵێ تاکە ژن لەسەر ئاستی جیهاندا هاخامی جووەکان بووە ناوی ئەسینات بارزانییە، جگە لەو هیچ ژنێک لە نێو جووەکاندا نەبووەتە هاخام.

هەروەها باسی کۆمەڵێک کەسایەتیی جوو دەکات کە لە مێژووی شاری هەولێر ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی وەکو شەمعون، سوبعە جوو و بن حاس کە لە دیارترین کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە دیارەکانی هەولێر بوون، ئەوانە ڕۆڵی ئەرێنییان گێڕاوە لە یەکلاییکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی پرسە هەستیارەکان، هەروەها لەناو موسڵمانەکانیش ڕێزی زۆریان لێ گیراوە.

ئەو کەسایەتییە جووە بە شانازییەوە باسی لە ڕۆڵی جووەکان کرد کە لە مێژوودا لە شاری هەولێر هیچ بەرکەوتنێکی خراپیان لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانی تردا نەبووە، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ موسڵمانەکاندا تایبەت و توندوتۆڵ بووە.

جووەکان هەر لە ناوەندی شاری هەولێر نەبوون، بەڵکو وەک ڕەنجدەر کۆهین باسی دەکات، هاخامەکانی جووەکان لە شاری کۆیەش ناوەندێکی گەورەی ئایینیان هەبووە، سەرجەم ژن و ژنخوازییەکان و سونەتکردنی منداڵان لەوێ ئەنجام دراون، زۆربەی هاخامەکان لە کۆیە بوون، بۆ نموونە ئەگەر کوڕ و کچێکی جوو هاوسەرگیرییان ئەنجام دابا، دەبوو بچنە کۆیە لەوێ لەلایەن هاخامەکانەوە مارەکردنەکە ئەنجام بدرێ و دواتر بگەڕێنەوە، هەروەها جووەکان ژن و ژنخوازیان لەگەڵ موسڵمانەکانی هەولێر ئەنجام داوە، بۆ نموونە کچی جوو شووی بە کوڕی موسڵمان کردووە، بە پێچەوانەشەوە کوڕی جوو کچی موسڵمانی خواستووە، ئێستاش لە هەولێر خەڵکانیک هەن باوکیان موسڵمان بووە بەڵام دایکیان جوو بووە، بە پێچەوانەشەوە هەیە باوکی جوو بووە دایکی موسڵمان بووە.

جووەکان لە بواری پەروەردەشدا لە هەولێر ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە و قوتابخانەی تایبەت بە جووەکان لە هەولێر هەبووە، یەکێکیان لەسەر قەڵات بووە و قوتابخانەیەکی تریش لە گەڕەکی تەعجیل هەبووە، خوێندن تیایدا بە زمانی عیبری بووە.

هەروەها ئەو گەرماوەی لەسەر قەڵات هەبووە، خاوەنەکەی جوو بووە، تەنانەت تا ئێستاش ئەستێرەی داودی لەسەر دەرگای گەرماوەکە ماوە، لە گەڕەکی تەعجیلیش، گۆڕستانێکی تایبەت بە جووەکان هەبووە.

جووەکان بەوە ناسراون حەزیان لە کار بووە و لە پەیداکردنی بژێویدا زۆر لێهاتوو بوون، کۆهین باس لەوە دەکات جووەکان زیاتر سەرقاڵی بازرگانی و زێڕنگری بوون، بەتایبەتیی لەگەڵ بەغدا پەیوەندییەکی بازرگانیی پتەویان هەبووە.

هەروەها باسی دوو تیرەی سەرەکیی جووەکان دەکات کە ئەسفاردە و ئەشکەنازیین، جووەکانی هەولێر پەیڕەوکاری ئەسفاردەن (سفەغارد)، بەگوتەی ئەو ئەسفاردەکان زیاتر باوەڕیان بە پێکەوەژیان هەیە لەگەڵ ئایینەکانی تردا.

جووەکان لە بواری هونەریشدا هاوشانی موسڵمانەکان لە شاری هەولێر توانیویانە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن کە تا ئێستاش شوێنی پەنجەیان دیارە، دیارترینیان دانیال قەسابە کە کەسایەتییەکی جوو و هونەرمەندێکی دیار بووە، پەرەی زۆری بە هونەر داوە لە هەولێر و ئێستاش لە مۆزەخانەی پەروەردە ژوورێکی تایبەت بە کارەکانی ئەو هەیە.

شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

# زمان و بازاڕ و تەکنۆلۆجیا

لەبەر ئەوەی زمان هەمیشە لە گۆڕانکاری دایە و بە تێپەڕبوونی سەردەم و تەنانەت لەوانەیە ڕۆژانەیش، هەست بەوە بکەین کە وشەی تازە تیایدا دێتە ئاراوە و وشەیش هەن دەمرن و لەباردەچن. ئەگەر سەردەمانێک لەنێو کۆمەڵگاکەت دوور بکەویتەوە و لە وڵاتەکەت دابڕێی، ئەوا ئەم هەست بە گۆڕانکارییە زیاد لە پێویست دێتە بەرچاو، هەروەها لەوانەیە هەندێ جار لە زۆر دەستەواژەی زمانەکەی خۆت (زمانی دایک) تێنەگەیت!

خۆتان دەزانن وەرچەرخانەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی تەکنۆلۆجیایش، لەگەڵ بەسەرچوونی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و بەکارنەبردنی کەرەستەی کۆن و وشە و زاراوەگەلێک کە بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا دێ، ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە گۆڕان و پێشکەوتن یان دواکەوتنی زمان و زاراوە و ئیدیۆم و پەند و ناوی کەرەستە و پێداویستییە جۆراوجۆرەکان.

دۆستێکی نزیکم بۆی گێڕامەوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ یەکەمین جار لە هەندەرانەوە، دوای ساڵانێکی زۆر گەڕاوەتەوە کوردستان و بەڕێکەوت لە یەکێک لە چایەخانەکانی هەولێر بۆ وچانێ دانیشتووە و گوێی لە دەمەتەقێ و وتوێژی دوو لە هاووڵاتییان گرتووە کە لەبارەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردنەوە دواون، یەکێکیان بەوەی دیکەیانی گوتووە: (لەیلاعەلەوییەکم بە سێ دەفتەر کڕی، کەچی تۆزوبا دەرچوو). هاوڕێکەمان لەم دەستەواژە و ڕستەیە تەنیا لە هەردوو وشەی (سێ) و (کەچی) تێگەیشتووە! لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە بازاڕ و باری ئابوورییش سەرباری گۆڕان و پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکان، ڕۆڵی کاریگەریان لە گۆڕینی زمان هەیە، ئەم زاراوە بازاڕییانەی کە پێوەندییان بە کڕین و فرۆشتنەوە هەیە، بەردەوام لە گۆڕانکاری دان.

هاوڕێکەمان کە ساڵانێکە لە ئەورووپا دەژێت، چوزانێ (لەیلا عەلەوی) لە کوردستان بە (لاندکرۆزەر- تۆیۆتا) و (دەفتەر) بە مانای بەستەی دۆلاری (١٠٠٠٠ دۆلار) و (تۆزوبا) بە مانای (ساختە و بێ بەڵگە و سەنەد) دێت!

بۆیە زۆر جاران ئەم وشە بازاڕییانەی دێنە نێو زمان و کولتوور و ئەدەبیاتی گەلان، جێگای خۆیان بە تەواوی دەچەسپێنن، ئەگەرچی لەوانەیە زۆر لەو وشە و زاراوانە واتایان نەبێت یاخود نەقۆڵا بن و بە هەڵە لە شوێنی خۆیان بەکار بهێنرێن، بەڵام بمانەوێ یان نا، دەبێ بچنە نێو فەرهەنگەکانەوە.

### لە مزگەوتی حاجی حەسەن لە هەولێر

# وتاری نوێژی هەینی بە تورکمانی پێشکەش دەکرێت

هەژار مەجید

گ مەلایەکی باڵا بەرز، بە کڵاوێکی سپی و تەنکە ڕیشێکەوە لەسەر مینبەری مزگەوتێکی ناوەندی شاری هەولێر، هەموو ڕۆژانی هەینی بە زمانی تورکمانی وتاری هەینی دەخوێنێتەوە و ژمارەیەکی زۆری باوەڕداری سەر بە پێکهاتەی تورکمانیش لەبەردەمی دادەنیشین و نوێژی لەگەڵ دەکەن، سەرباری کاسبکارانی ناو شاریش کە بەشێکیان کرێکارانی موسڵمانی بەنگلادیشی، سەردانی مزگەوتەکەی دەکەن.

مامۆستا وشیار حەیدەر عوسمان پیشەی مەلایەتییە و لە ناوەڕاستی پەنجاکانی تەمەنی دایە، بە نەتەوە تورکمانە و خەڵکی شاری هەولێرە، لە سووچێکی کتێبخانەکەیدا کە لەناو ماڵی خۆیدا دروستی کردووە و پڕیەتی لە کتێبی ئاینی و تەفسیری زانایانی ئیسلامی، پێشوازی لێ کردین و وەڵامی پرسیارەکانی (گڵکەند)ی دایەوە.

مامۆستا وشیار کە ٣٢ ساڵە ژنی هێناوە و چوار منداڵی هەیە، ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کولێژی شەریعەی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، تا ساڵی ٢٠٠٧ لە چەندین قوتابخانە وانەی عەرەبی گوتووەتەوە، دواتر لە مزگەوتی حاجی حەسەن لە شاری هەولێر پێشنوێژی کردووە و لە کۆتایی ٢٠٠٧دا ڕاژەی مامۆستایەتی لە وەزارەتی پەروەردەوە گواستووەتەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی، لەلایەن وەزارەتەوە مۆڵەتی وتاربێژی پێ دراوە.

سەرەتا لە چەند مزگەوتێکی شاری هەولێر وەک هەر مامۆستایەکی تری ئاینی بە زمانی کوردی وتاری خوێندووەتەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٥دا چەند پەرلەمانتارێکی کوردستان لە فراکسیۆنی تورکمانی داوایان لە وەزارەتی ئەوقاف کردووە کە لە مزگەوتێکی شاری هەولێر وتاری هەینی بە زمانی تورکمانی پێشکەش بکرێت، چونکە تورکمانیش وەکو پێکهاتەیەکی شاری هەولێر حەز دەکەن بە زمانی دایکی خۆیان گوێبیستی وتاری هەینی بن، بۆیە دوای ئەوەی ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف وەرگیرا داوا لە مامۆستا وشیار کراوە کە لە مزگەوتی «کوورەچیان» لە گەڕەکی تەعجیل وتاری هەینی بە زمانی تورکمانی بخوێنێتەوە.

مامۆستا وشیار باسی یەکەم وتاری کرد کە لە تەمووزی ساڵی ٢٠١٥دا بە زمانی تورکمانی لەو مزگەوتە پێشکەشی نوێژخوێنانی کردووە و گوتی، لێکدانەوەی ئەو ئایەتەی کردووە کە خوای گەورە دەفەرموویت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ».

بەو پێیەی شاری هەولێر فرە نەتەوە و فرە ئایینە، مەبەستی مامۆستا وشیار لەو ئایەتە ئەوە بووە کە خوای گەورە مرۆڤەکانی لەسەر چەند نەتەوە و تیرە دروست کردووە و داواشیان لێ دەکات کە یەکتری بناسن و ڕێز لە یەکتری بگرن.

مامۆستا وشیار تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە وتاردان بە زمانی تورکمانی، وەک خۆی دەڵێ، ئەو نوێژخوێنانەی کە بۆ نوێژی هەینی دێنە مزگەوتەکەی ئەگەرچی زۆرینەیان لە نەتەوەی تورکمانن، بەڵام کورد و بەشێک لە عەرەبەکانیش دەچن، سەرباری ئەو کرێکارە بەنگلادیشییانەی لەناو بازاڕدا کار دەکەن.

مامۆستا وشیار ئاماژە بەوەش دەکات کە وتارەکانی هەمیشە جێگەی ڕەزامەندی و دەستخۆشی ئەو نوێژخوێنانە بووە کە ڕۆژانی هەینی ئامادەی وتارەکانی دەبن، چونکە وتارەکانی دوورن لە دەمارگیریی نەتەوەپەرستی.

دەشڵێ ئامانجی ئەو بەرجەستەکردنی پێکەوەژیانە لە شاری هەولێر، هەولێر شارێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێستا ئەو تاکە کەسە وتاری هەینی بە زمانی تورکمانی لە هەولێر دەخوێنێتەوە.

هەروەها بەگوتەی ئەو مامۆستا ئاینییە، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە مزگەوتی قەڵای هەولێر وتاری هەینی بە زمانی تورکمانی هەبووە، بەڵام دواتر نەماوە، ئێستا لەسەر دەستی ئەو درێژە بە خوێندنەوەی وتاری هەینی بە زمانی تورکمانی دەدرێت.



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

بتشکێن



گۆران سەباح

## جەلال بەرزنجی و هان کانگ

ئەوێ ڕۆژێ، جەلال بەرزنجی، شاعیرێکی گەورەی کورد، خەڵاتی (نایاب)ی وەرگرت لە کەنەدا. لە هەمان ڕۆژدا، هان کانگ، ڕۆماننووسێکی زۆر باشی کۆری، بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب. هەردووکیان گرنگن، بە هەردووکیان دڵخۆش بووم، چونکە لەمێژە هەردووکیان دەخوێنمەوە.

خوێنەر، ئەدیب، ڕۆژنامەوان و نووسەرانی مە، کەسیان باسی خەڵاتەکەی جەلالیان نەکرد، کەچی خەنی بووبوون بە خەڵاتەکەی هان. هەموو جۆرەکانی میدیا باسیان لێوە کرد. تەلەفزیۆنەکان دیمانەی هەندێک کەسیان کرد، فریان بەسەر ڕۆمانەوە نەبوو. بەس مابوو، دۆر و زوڕنای بینن لە بن قەراتێ، شایی لۆ (هان) دابەستن.

خۆ دەزانم، نۆبڵ لەکێ و نایابی کەنەدی لەکێ، بەڵام، بۆ ئێمەی کورد، هەر خەڵاتێک بێت، گرنگە. یەکسەر ئەو پرسیارەم بە مێشکدا هات، ”ئەرێ کورد لۆ هێندە خۆخۆرە، خۆ-پێ کم و سووکە؟ لۆ ناتوانن شانازی بە شاعیرێکی گەورەی وەک جەلال بەرزنجییەوە بکەن، کە چەندان خەڵاتی تریشی وەرگرتووە؟“

ئایا، لەبەرئەوەیە جەلال بەرزنجی هەولێرییە؟ ئەرێ ئەگەر جەلال بەرزنجی سلێمانی با، ئەوها پشتگوێ دەخرا؟ نا، سلێمانی با، ئێستە هێندیان فوو تێ دەکرد، نەدەهاتە ناسینەوە، بەڵام بۆچی برادەرانی سلێمانی، باسی ئەوەی (جەلال)یان نەکرد؟ ئەدی ئەوە شارچییێتی نییە؟ ئەدی ئەوە چاو پێ هەڵنەهاتن نییە؟

برادەرانی هەولێریش باسیان نەکرد. ڕۆشنبیرانی هەولێر چاویان بە هیچ نووسەرێکی شاری خۆیان هەڵنایەت. تا پێیان بکرێت دەیشکێنن، هاوکات، بە تۆبزی بە شێوەزاری سلێمانی قسە دەکەن، هەتا برادەرانی سلێمانی قبووڵیان بکەن. ئاخر بۆیە حاڵمان ئەوهایە.

نە وەک برادەرانی سلێمانی کە شتەکە زۆر گەورە دەکەن، نە وەک برادەرانی هەولێریش کە شتەکە ڕەزیل دەکەن. ئیی هۆردوو لا لە نەزانین و ناحاڵیبوونە. ئەدی کورد هەروا نەبووە؟ ئەدی نالی و حاجی قادریش لەبەر هەندێ وڵاتیان جێ نەهێشت؟

کورد بەلاش نەیگۆتییە، «دار کرمی لە خۆی نەبێت قەت ناڕزێت.»

## ڕکابەری یانە عەرەبییەکان دەکات

# (ئەکاد) یانەی کۆکەرەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان

**کارزان کانەبی**

یانەی وەرزشیی ئەکاد کە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر دەستی کۆمەڵێک وەرزشکاری قەزای عەنکاوە دامەزرا، لە ماوەیەکی کورتدا لە یاریی بالەدا بووە پێشەنگ و کۆکەرەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانیش.

تیپی بالەی کچانی یانەی ئەکاد ڕکابەری سەرجەم یانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئاسیاش دەکەن، نمونەیەکی بەرزی وەرزشیان نیشان داوە و ئێستا پاڵەوانی عێراقن و ئەمساڵ وەک یانەیەکی کوردستانی دەبنە نوێنەری یانەکانی عێراق و بە نیازی کێبەرکێی یانە گەورەکانی وڵاتانی عەرەبین.

د. ڕاندی مەتی ئەفرام ڕاهێنەری بالەی کچانی ئەکاد، ئامانجی ئەم تیپەی بۆ (گڵکەند) ئاشکرا کرد و دەڵێ یانەی ئەکاد بە دروستکردنی تیپی بالە دەستی پێ کرد، بۆیە تا ئێستا بەردەوامە، بە تایبەتی تیپی کچان.

ئەکاد ئەگەرچی یانەیەکی کریستیانە و بارەگایان لە عەنکاوەیە، بەڵام جگە لە یاریزانانی کریستیان، یاریزانی سەر بە ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانی تریشی لەخۆ گرتووە، د. ڕاندی دەڵێ لێرە هیچ جیاوازییەکی ئایینی و نەتەوەیی نییە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە تیپی بالەی یانەی ئەکاد، یاریزانی کورد و عەرەب و کلدان و ئاشووری و سریانیش یارییان کردووە، ڕاهێنەرەکە دەڵێ هەر یاریزانێکی داوا کردبێت کەس ڕێگری لێ نەکردووە لەسەر بنەمای ئاین و نەتەوە، حەزیش دەکات یاریزانی ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان لە تیپەکەیدا کۆ بکاتەوە، بەو مەرجەی ئاستی بەرز بێت.

ئێستا هەڵبژاردەی عێراق سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ پاڵەوانییەتی ڕۆژئاوای ئاسیا، هەشت کچە یاریزانی یانەی ئەکاد لە ریزی ئەم هەڵبژاردەیەدا یاری دەکەن.

ئێستا هەڵبژاردەی بالەی عێراق لە هەولێرە و خەریکی ئامادەکارییە و سەرجەم یاریزانەکانی کوردن، ڕاهێنەری ئەکاد خەون بەوە دەبینێت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکەن و لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بەشدار بن.

د. ڕاندی مەتی ئەفرام ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخی کوردستان زۆر لەبارترە بۆ وەرزشی کچان، بۆیە وەرزشی کچان لێرە زۆر لە پێش وەرزشی بەغدا و شارەکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراقە، لێرە هەموو شتێک فەراهەمە.

بڕیارە ئەمساڵ تیپی بالەی کچانی یانەی ئەکاد لەسەر بانگهێشتی یانەی سەروەی کوێتی بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی دۆستانەی نێودەوڵەتیدا بکەن، هەروەها بەشداری لە پاڵەوانییەتی شاریقەی عەرەبییش دەکەن، بەرنامەشیان هەیە بەشدار بن لە پاڵەوانییەتی یانەکانی عەرەبی.



وێنە: دانا عوبێد

# شەڕ لە مەدرید و تۆز لە ئیسکان

**کارزان کانەبی**

بووە بە نەریت، هەموو یارییەکی کلاسیکۆی زەویی نێوان ریال مەدرید و بارسێلۆنا، لە شەقامی ئیسکان دەنگ دەداتەوە، هەزاران هاندەری یاریی تۆپی پێ لە چایخانەکانی شەقامە قەرەباڵغەکەی هەولێر کۆ دەبنەوە و بە دڵەڕاوکێوە سەیری ڕووداوەکانی یارییەکە دەکەن. ڕۆژی شەممە ٢٦ی ئۆکتۆبەر، یاریی کلاسیکۆی وەرزی یەکەمی خولی لالیگای ئەمساڵ بەڕێوەچوو، لە ئەنجامدا بارسێلۆنا بە چوار گۆڵی بێبەرانبەر لە ریال مەدریدی بردەوە. یاری و ئەنجامەکەی بووە هۆی شاگەشکەبوونی هاندەرانی بارسێلۆنا و دڵتەنگی و شۆکیش بۆ هاندەرانی ریال مەدرید.

دەستەی هاندەرانی وەرزشیی هەردوو یانە کە لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، بە جلوبەرگی وەرزشیی یانە دڵخوازەکەیان هاتبوونە شەقامەکە و هانی تیپەکەیان دەدا. مامۆستا هۆگر حەمەدەمین وەکو هاندەرێکی وەرزشی لە ئیسکانەوە بۆ (گڵکەند) گوتی «ئەم شەقامە بوویتە شوێنی کۆبوونەوەی هاندەرانی وەرزشی، جگە لەوەی بۆ یارییەکانی یانەی هەولێر کۆ دەبینەوە، بۆ کلاسیکۆ و یارییە بەهێزەکانی تریش دێینە چایخانەکانی ئێرە».


دیمەنێکی هاندەران لە یارییەکی کلاسیکۆدا لە ئیسکان

وێنە: محەمەد شوانی

## یانەی هەولێر و عەشقە ئەبەدییەکەی سەمیر بابۆ

# "ساڵی داهاتوو لە چوار یەکەمەکەی عێراق دەبین"

کارزان کانەبی

لەگەڵ باسکردنی سەرکەوتنەکانی یانەی هەولێر و پشتیوانیی هاندەران، چاوی پڕ دەبێت لە فرمێسک، سەمیر بابۆ ماوەی ٢٢ ساڵە لە یانەی هەولێری دایکە و ئێستاش وەک ڕاهێنەر، تیپی یەکەمی تۆپی پێی یانەکەی گەڕاندووەتەوە ئاستە بەرزەکانی جارانی.

سەمیر کە خۆشەویستییەکی جیاوازی بۆ یانەکەی هەیە، لەم دیدارەی (گڵکەند)دا دەڵێ یانەی هەولێر جەرگی خۆمە، وەکو منداڵی خۆم تەماشای دەکەم.

سەمیر سەدیق ناسراو بە سەمیر بابۆ یان گواردیۆلای کوردستان، ساڵی ١٩٧٥ لە هەولێر لەدایک بووە، دوای ئەوەی ئاستی یانەکە بەشێوەیەکی لەناکاو دابەزی، بەر لە ساڵێک ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی گرتە ئەستۆ، ئێستا یانەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ خولی ئەستێرەکانی عێراق و لە سێ یاریی یەکەمی خولی ئەمساڵیشدا، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام لە یاری چوارەمدا تووشی شکست هات.

پلانی نوێی سەمیر بابۆ و دەستەی کارگێڕیی یانەکە و دڵسۆزیی یاریزانەکان کرد و بەهۆکاری سەرکەوتنەکانی یانەکەی لە خولی ئەمساڵی ئەستێرەکانی عێراق هەژمار کرد، بەڵام نایشارێتەوە کە یاریی بەهێز و "ڕۆژی ڕەش"یان لە پێشە و هەموو هەوڵێک دەدەن ئەمساڵ یانەی هەولێر لە ناوەڕاستی ڕازبەندیی یانەکان بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەش، بابۆ متمانەی بەخۆی و یاریزانەکانی هەیە، دڵنیایی دا ئەگەر دەستەی کارگێڕی بەو شێوازە یانەکە بەڕێوە ببات و قەیرانی دارایی چارەسەر بێت، ئەوا لە خولی ساڵی داهاتوو یانەی هەولێر لە چوار یانە یەکەمەکەی عێراق دەبێت.

بەکارهێنانی توانای یاریزانە کوردەکان لە یەکەمینی کارەکانی سەمیر بابۆیە، ئەو بەردەوام کار لەسەر بەهێزکردن و دەرخستنی توانای یاریزانە گەنجەکان دەکات و پاڵپشتیی پێویست و بەردەوامیی پشتگیریی هاندەرانیش، بە دوو هۆکاری گرنگی دەرکەوتنی یاریزانی زۆر باشی کورد دادەنێت.

بابۆ باسی ئاستی یاریزانەکانی خولی عێراق بە گشتی دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو یاریزانە پیشەگەرانەی لە خولی عێراقیدا یاری دەکەن، ئاستیان لە سەروو مامناوەندەوەیە، چونکە یاریزانە پیشەگەرە زۆر باشەکان بەهۆی بۆندی گرانبەهاوە، دەچنە خولەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی.




| | یانە | یاری | بردنەوە | یەکسان | دۆڕان | جگۆڵ | خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شورتە | 4 | 3 | 1 | 0 | 8 | 10 |
| 2 | نەفتی میسان | 4 | 3 | 0 | 0 | 4 | 10 |
| 3 | زاخۆ | 4 | 2 | 2 | 0 | 6 | 8 |
| 4 | نەفت | 4 | 2 | 2 | 0 | 4 | 8 |
| 5 | قوە جەوییە | 4 | 2 | 2 | 0 | 2 | 8 |
| 6 | قاسم | 4 | 2 | 1 | 1 | 4 | 7 |
| 7 | تەڵەبە | 4 | 2 | 1 | 1 | 2 | 7 |
| 8 | زەورا | 4 | 2 | 1 | 1 | 1 | 7 |
| 9 | هەولێر | 4 | 2 | 1 | 1 | -2 | 7 |
| 10 | کارەبا | 4 | 1 | 3 | 0 | 1 | 6 |
| 11 | نەورۆز | 4 | 1 | 2 | 1 | 0 | 5 |
| 12 | کەربەلا | 4 | 1 | 2 | 1 | -4 | 5 |
| 13 | دهۆک | 4 | 1 | 1 | 2 | -1 | 4 |
| 14 | کەرمە | 4 | 1 | 1 | 2 | -2 | 4 |
| 15 | مینا | 4 | 1 | 0 | 3 | -2 | 3 |
| 16 | کەرخ | 4 | 1 | 0 | 3 | -3 | 3 |
| 17 | نەفتی بەسرە | 4 | 1 | 0 | 3 | -3 | 3 |
| 18 | نەجەف | 4 | 0 | 2 | 2 | -2 | 2 |
| 19 | دیالە | 4 | 0 | 1 | 3 | -8 | 1 |
| 20 | حدود | 4 | 0 | 0 | 4 | -5 | 0 |

بە ڕای سەمیر بابۆ، هەر یانەیەک لە خولی عێراقی پێویستی بە ١٩ یاریزانی ئاستبەرزە، یاریزانی ئاستەبەرزیش پارەی زۆری دەوێت، ئەو هیواداره قەیرانی دارایی یانەی هەولێر بە تەواوی چارەسەر بکرێ، چونکە بەبێ پارە ناتوانرێ ئاستی یاریزەکان لەوەی هەیە، زیاتر بەرز بکرێتەوە.

هاندەرانی یانەی هەولێر هەست بەوە دەکەن ئێستا یاریزانەکانی یانەکە بە یەک دڵ یاری دەکەن، بابۆ شانازی بەو یەکڕیزییەی یاریزانەکانی دەکات کە بە هەوڵی دەستەی کارگێڕی و ستافی ڕاهێنەران و یاریزانەکان بەدی هاتووە و دەڵێ: "تیپ هەیە چوار بۆ پێنج ساڵ دەخایەنێت تا یەکڕیز دەبن، بەڵام ئێمە بە سێ مانگ تیپێکمان دروست کردووە کە سەد لە سەد یەکگرتوون".

سەمیر بابۆ هەموو هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی تا دەگەنە گواستنەوەی زستانە، یانەی هەولێر لە شەش یانە یەکەمەکەی خولی ئەمساڵی ئەستێرەکانی عێراق بمێنێتەوە و لە گواستنەوەی زستانەش، چاوی لە دۆزینەوەی یاریزانی کوردە بەهۆی ئەوەی زۆر گرنگی بە یاریزانی کورد دەدات، بە تایبەت ئەو یاریزانانەی زۆر ناسراو نین و خاوەن بەهرەی زۆر باشن، جگە لەوەی یاریزانە کوردەکان لە ڕووی خەوتن و گرنگی بەخۆدان و شێوازی خواردنەوە باشترن.

سەمیر بابۆ بەهۆی خۆشەویستیی هەولێر و یانەکەی، چەندین گرێبەستی ڕاهێنەرایەتی لە یانەکانی دیکەی کوردستان و عێراق ڕەت کردووەتەوە. ئەو بەردەوام چاودێریی خولی کوردستان و یاریی دۆستانەی یانە کوردستانییەکان دەکات، چونکە جگە لەوەی چێژی لێ وەردەگرێ، بەدوای یاریزانی کوردی نوێ و خاوەن بەهرەشدا دەگەڕێت. بابۆ باسی لەوە کرد کە ئەو یاریزانە کوردانەی لە یانە عێراقییەکان یاری دەکەن، ٩٠٪یان لە خولەکانی کوردستان دروست بوون.

خۆشەویستی و ئومێدی هاندەران و خەڵکی هەولێر بۆ یانەی هەولێر، ئەرکێکی قورسی خستووەتە سەر شانی سەمیر بابۆ، ئەو دەڵێ: "ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەی هەولێر بەرپرسیارییەتی و ئەمانەتە، ئێستا ماڵ و منداڵی خۆم پەراوێز خستووە، هەموو کات بیر لەو بەرپرسیارییەتی و ئومێدە دەکەمەوە کە خەڵک بە من و بە تیپەکەی هەیە".

بابۆ جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە مرۆڤ دەبێت ئامانجی گەورەی هەبێ، هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ ئامانجەکانی بکات. ئەو جگە لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەی هەولێر، ئامانجی ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی هەڵبژاردەی عێراق وەربگرێت.

هاندەرانی یانەی هەولێر بە گوڕ و تینێکی گەورەوە دەچنە یاریگای شەهید فەرەنسۆ بۆ سەیرکردنی یارییەکان، سەمیر بابۆ دەڵێ "ئەگەر زیادەڕۆییم نەکردبێ، سەدا هەشتای وەرگرتنی ڕاهێنەرایەتیی یانەی هەولێرم لەبەر خۆشەویستیی هاندەرانی یانەکە بووە". ئەو پێی وایە ئەو خۆشەویستییەی هاندەرانی یانەی هەولێر بۆ خۆی و یانەکەی، ئەرکی ئەوی قورستر کردووە و بەڵێنی ئەوەش دەدات کە بەردەوام کار بکات بۆ دڵخۆشکردنی ئەو هاندەرانە، کە دەزانێ بەشێکیان نان و ئاویان نەبووە، بەڵام لە هاندانی یانەکەیان دانەبڕاون.



خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا
دیزاین:
ئاراس ئەکرەم
لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی
دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی


# گڵکەند

www.gilkend.com
info@gilkend.com

Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

Issue (3), Wednesday 30/10/2024

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند


وێنە: ناسیح عەلی خەیات